YADNAMA
یادنامە


ئامانجمان لە دەرکردنی ئەم بڵاوکراوەیە نوسینەوەی ڕوی ڕاستی ڕوداو و یادنامەکانە، بە مەبەستی سود گەیاندن بە مێژوی دێرینەی گەل و نیشتمانەکەمان، بەڵام بێجگە لە سەروتار، هەر بابەت و نوسین و هەواڵێك، کە بڵاو ئەکرێتەوە، سەرپەرشتیاری ئەم بڵاوکراوەیە لێی بەرپرسیار نییە.

No.37,June 2022 بڵاوکراوەیەکی گشتی ئەلکترۆنییە، مانگی جارێ دەرئەچێ ژمارەی ٣٧ی حوزەیران ٢٠٢٢

## هەڵبژاردنەکانی هەرێم و کێڵگەی نەوتی کۆرمۆر

یادننامە

لە هەرێم لە پێناو بەردەوامی دان بەم دۆخە چەقبەستوە هێزە سیاسیەکان هەر لایەکیان لە بەرژەوەندی خۆی بە ئاراستەیەک قسە دەکەن کە هەڵبژاردنی پەرلەمان نەکرێ بە شێوەیەک هەر کیانێکی سیاسی بیانویەکی دۆزیوەتەوە لە ئامار و بازنەکانی هەڵبژاردن (یەک بازنەیی و فرەبازنەیی و چوار بازنەیی) لە گشتدا جگە لە درێژەدان بەم دۆخە چەقبەستوە هیچی تر ناکات ، وە دەشزانین زۆرینەی دامەزاوە حکومی و مەدەنیەکان و هەتا هەڵبژاردنی ناو حیزبەکان شەرعیەتیان نەماوە ، ئاڵۆزی هەمو ئەمانە بیانویەکی سادەی بەسە بۆ ئەوەی هەڵبژاردنەکان بە بیانوی دۆخی نائاسایی جارێکی تر هەڵبژاردن دوا بخرێتەوە ، وە بە تایبەتیش هێرشی موشەکی بۆ سەر کۆرمۆر و جولاندنی هێز لەبەر ڕۆشنایی بڕیارەکانی دادگای فیدراڵیدا ، هەموش دەزانین ڕوس و ئێران ڕێگە نادەن هەروا ئاسان کورد غاز بدات بە تورک و یەکێتی ئەوروپا ، بۆیە دور نیە دنیایەک سیناریۆ لە ئارادا بێت ، چاوەڕێ دەبین بزانین هەڵبژاردن و کۆرمۆر چی پەیوەندیەکیان پێکەوە هەیە.







شارستانیەتی دێرینی زەرزی ... ل٢
کتێب و ڕۆشنگەری ... ل٤
لەگەڕەکی سابونکەرانی سلێمانی بۆ لوتکەی دەسەڵات ... ل٥
نمونە بۆ پەند و عیبرەت ... ل١١
ساڵح نەجار ئەزموونێکی شێوەکاریی کوردییە ... ل١٢
بیرەوەری کاک عبدولا ... ل١٤
بەسەرکردنەوەی شەهیدان ... ل١٥
قەیرانی هزری سیاسی لە هەرێمی کوردستان ... ل١٦
مەلەک تاوس ... ل١٧
بەسەرکردنەوەی شەهیدان ... ل١٨
کورد ئیتر نابێ بترسێ ... ل١٩
خرتکە و پرتکە ... ل٢٠
بیرەوەری نەورۆزی حەمە زرگوێزی ... ل٢٢
وێنەیەک لە مێژوو ٢٤

# شارستانیەتی دێرینی زەرزی

## ڕەئوف محەمەد ئالانی

لەدوورەوەڕا، لەبنارو پێدەشتێکی فراواندا، لەسەر سنگی پیرەشاخێك پاشماوەی ئاسەوارێکی هەڵکۆڵراو بەشێوازێکی ووردی ئەندازەییی بەرچاو دەکەوێ، تولەڕێییەکی پلیکانەکراو بە قەدپاڵی شاخەکەدا هەتا بەردەم شوێنەوارەکە ئاڕاستەمان دەکات، بۆگەیشتن بەشوێنەوارەکەش، سەکۆیەکی ئاسنینی پلیکانەکراو بە بەرزی شوێنەوارەکە جێگیرکراوە، گەیشتن بەم شوێنەوارە دەستگەیشتنە بە بەڵگەیەکی زیندووی مێژووی هەزاران ساڵەی ئێمە، ئاشنابوونە بەسەرەداوەکانی مێژووی فەرمانڕەوایی‌و شارستانیەتیە دێرینەکانی ئەم ناوچەیە .

کورد نەتەوەیەکی دێرینی ئەم ناوچەیەیە، هەزاران ساڵە لەم سەرزەمینە ژیان دەکاو خەباتی بەرگری و مانەوە دەکات، بەڵگەی مێژووی دێرینی ئێمە لێرە، ئەو سەدان شوێنەوارە بەنرخەیە کە تائێستا ماونەتەوە، بەڵام ئەفسوس نەمانتوانیوە وەك پێویست کاریان لەسەر بکەین و بە نەوەکانی داهاتومانی ئاشنا بکەین، وەك ئەرشیفێکی نەتەوەیی بیانپارێزین‌و لە ڕووی ئەکادیمیەوە کاری جدیان لەسەر بکەین، بەڵگەشمان ئەوەیە سەردانی هەر ناوچەیەکی شوێنەواری دەکەین لەسەر مێژووییەکەیان ڕاوبۆچونی جیاواز هەیەو بەتەواوی ساغ نەکراونەتەوە، یان وەك پێویست کنەو پشکنینیان تێدا ئەنجام نەدراوە، تەنانەت لەزۆر شوێن کەوتونەتەبەر شالاَوی لەناوبردن‌و دزینیان‌و گۆڕینی فۆڕم‌و پێکهاتەکانیان.

لەم گەشتەماندا سەردانی ناوچەیەکی گرنگی مێژوویی دەکەین ، کە بۆتە سەرچاوەی زۆربەی تویژینەوەکانی ڕۆژئاوا ،ئەویش دێی زەرزیە لە ناوچەی چەمی رەزان، دێی زەرزی بەپێی جوگرافیای ناوچەکە بەچەند گوندێك دەورە دراوە لە ڕۆژهەلاَتەوە دێی عیسابەگی ، لە ڕۆژئاوا دێی قۆچبلاَخ ، لەباکورەوە گوندی شێخ زەینەلْ ،لەباشورەوە دێیەکانی کانی هەنجیرو عەوالاَن لەدەستە چەپی ناوچەی (تابین)ی سەر ڕِێگای سلێمانی-دووکان، لەوێشەوە ڕێگایەك دەچێتەوە چەمی ڕەزان ، گوندی زەرزی لەسەر ڕێگاکەیە، ئەم گوندە ناوەکەی لە (سەر زێ )ەوە هاتوەو بووە بە زەرزی ، گوندی زەرزی بە پێی ئەو لێکۆڵینەوانەی بۆی ئەنجامدراوە یەکێکە لە گوندە هەرە کۆنەکانی مێژووی مرۆڤایەتی، سەرچاوە کۆنەکان لەبواری مێژوودا بە شارستانی کۆنی زەرزی ناوی دەبەن، دوو ئەشکەوتی زۆر کۆن لە باکوری گوندەکە هەن بەناوەکانی (ئەشکەوتی دمدمان)و (ئەشکەوتی زەرزی)، بەپێی بەڵگە مێژووییەکان ئەم ئەشکەوتانە زۆرکۆنن، مێژووەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ چاخی بەردینی ناوەڕاست،ئەم چاخە بە سەرەتای گۆڕانکاری ژیانی مرۆڤ دادەنرێت چونکە لە ئەشکەوتەوە بەرەو ژیانێکی تر دەڕوات کە کشتوکاڵکردن و ئاژەڵداریە
.

لەساڵی (1936) بەردێك لەبەردەمی ئەشکەوتی زەرزی دۆزراوەتەوە بەخەتی بزماری لەسەری نوسراوە، ئێستا لەمۆزەخانەی بەغدایە، هاوکات لە دەرئەنجامی کنەو پشکنینی شوێنەوارناسان چەند بەردێکی وورد دۆزراونەتەوە کە ناوی (بەردی ئبزیدی)ە، بەردێکی وردی تیژی شێوە شوشەییە وەك ئەڵماس، ئەمە یەکێکە لە بەڵگە زیندووەکانی کنەو پشکنینەکانی شارستانێتی زەرزی، بۆیە شوێنەوارناسان لەسەر ئەو بنەمایە گەیشتونەتە ئەو بڕوایەی زەرزی شارستانیەکی کۆن بووە .

هەرلە ناوچەمی ڕەزان‌و نزیك دێی زەرزی، شوێنەوارێکی هەڵکۆڵراو لە شاخەکە هەیە بەناوی قزقاپان، ناوەکەی تورکیە، بەمانای (کچ ڕفێن) دێت، ئەم ناولێنانە تازەیەو دەگەڕێتەوە بۆ دەستبەسەراگرتنی ناوچەکە لەلایەن عوسمانیەکانەوە ،کە شەش سەدەی خایاندوە.

ئەم نەخشە هەڵکۆڵراوە بەدووری کیلۆمەترێك کەوتۆتە باکوری ڕۆژئاوای دێی زەرزی، نەخشێکی هەڵکۆڵراوی دەستی مرۆڤە، قزقاپان کەوتوەتە لای دەستە ڕاستی چیای سەرسەد لەزنجیرەچیای سارا، نەخشەکە بە بەرزی( ١٠) مەتر لە سەر ڕووی زەویەوە هەڵکۆڵراوە،





بە شێوازێك بینا کراوە کە مرۆڤ بە بێ بەکارهێنانی پەیژە نەتوانێت پێی بگات، ئەمەش پێئەچێت بۆ پاراستنی نەخشەکە بوبێت لەدەستی مرۆڤ . ئەو ناوچەیەی ئەم نەخشەیەی لێهەڵکۆڵدراوە ( ٥٥)کم دوورە لە شاری سلێمانیەوە. لەدەستە چەپی ناوچەی (تابین)ی سەر ڕِێگای سلێمانی- دووکان، لەوێشەوە ڕێگایەك دەچێتەوە چەمی ڕەزان و بە گوندی عیسابەگیدا دەگاتە گوندی زەرزی، قزقاپان ساڵی ١٩٤٩ چووەتە لیستی شوێنەوارەکانی عێراقەوە، لە فەرمانگەی شوێنەواری سلێمانی، دۆسیێی ژمارە ٣/٣٧ بۆ کراوەتەوە.

نەخشەکە لە سێ بەشی سەرەکی پێکهاتووە

بەشی یەکەم: لەهەیوانێك پێکهاتووە کەدرێژییەکەی ٧مەترو پانیەکەی 2 مەترو 50 سانتیمەترەو بەرزیەکەشی نزیك بە ٤مەترە، ڕووگەی ئەم هەیوانە بە شێوازیکی هونەری هەڵکۆڵراوە کە لە کۆشك ئەچێت.

دوو پایەی ئەستوور لە ناوەڕاستی هەیوانەکەدا هەیە کە سەربانی هەیوانەکەی هەڵگرتووە و بەرزییەکەیان 3 مەترو 70 سانتیمەترە. پایەکان لەسەر دوو بنکەی بازنەیی دانراون‌و سەربانی نەخشەکەیان هەڵگرتووە، بەشی سەرەوەی پایەکان دوو بازنەی لوولپێچی لە نێوانیاندا هەیە، کە نەخشێك لە شێوەی پەڕەی گوڵ لەسەری هەڵکۆڵراوەو کۆتایی پایەکانی پێ ڕازێنراوەتەوە.

سەربانەکە لە شێوەی (دارەڕا) دروستکراوە، ئەم شێوازە تا ئێستاش لە هەندێك خانووی گڵ لە گوندەکانی کوردستان بەکاردێت.

بەشی دووەم: پێکهاتووە لە دوو پیاو کە لەناوەڕاستی نەخشەکەدا بەرامبەر یەك وەستاون، سەکۆیەك لە شێوەی (ئاگردان) لە یەکتریان جیائەکاتەوە، هەردوو پیاوەکە دەستی ڕاستیان بۆیەکتر بەرزکردووەتەوە لەشێوەی سڵاوکردن.

(دیاکانۆڤ )پێی وایە کەسی لای چەپ موغەو ئەوی لای ڕاست پادشایە، ئەڵێت، وەك وتراوە (کەیخوسرەو) لە قزقاپان نێژراوە. شوێنەوارناسان پێیان وایە پیاوی لای ڕاست پادشای لیدیەکان (ئیلیاتسە) کە لەنێوان ساڵانی 560-617 پێش زایین ژیاوە، پیاوی لای چەپیش، پادشای میدییەکان (کەیئیخسار یاخود (کەیخوسرەوە) کە لەنێوان ساڵانی 585 -627 پێش زایین ژیاوە.

لە بەشی سەرەوەی نەخشەکە، هێمای سێ خواوەند نەخش کراوە، هەر یەك لەو هێمایانە لە لایەن گەلانی میزۆپۆتامیاو ئێرانییەکانەوە پەرستراون.

هێمای لای ڕاستی نەخشەکە هی خواوەند (ئاهورامەزدا)یە کەخواوەندی ڕووناکیو هێنانی بەرەکەتە لەئاینی زەردەشتیدا. هێمای ناوەڕاست هێمای خواوەند(سن)ە کە لەلای بابلییەکان بەخواوەندی ڕووناکی ناسراوە، هێمای لای چەپیش گوزارشت لە خواوەندی خۆر(شەمەش) دەکات.

بەشی سێیەم: لە پشت نەخشە سەرەکییەکەوەیە، بریتیە لە سێ ژووری بچووکی هەڵکۆڵراو کە بەدوو دەرگا تێکەڵی یەکتر دەبنەوە. لە ناو هەر ژوورێکدا چاڵێك هەڵکەندراوە کە لە گۆڕ دەچن، هەر سێکیان لە گۆڕی ئاسایی بچووکترن.

تائێستا هیچ کارێکی کنەو پشکنین لە نزیك نەخشەکە ئەنجام نەدراوەو هیچ جۆرە نووسینێکیش لەسەر نەخشەکە نییە، ئەمەش وای کردووە کە شوێنەوارناسان‌و مێژوونووسان نەتوانن بەڵگەی تەواو لەسەر مێژووی نەخشەکە پێشکەش بکەن، بۆیە ئەم بۆچونانە ئەخەینە ڕوو:

یەکەم: تەها باقر، کە شوێنەوارناسێکی ناسراوی عێراقە، پێی وایە مێژووی نەخشەکە بە تەواوەتی نازانرێت، کاتێك لەگەڵ نەخشە هاوشێوەکانی وڵاتی فارس بەراورد بکرێت، پێ دەچێت بۆ ساڵانی (550-600 پێش زایین) بگەڕێتەوە.

دووەم:مامۆستا تۆفیق وەهبی نووسیویەتی: نەخشەکە ئەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پێش هەخامەنشینەکان (ئەخمینییەکان) لەنێوان ساڵانی (549-331پ.ز)، تۆفیق وەهبی ئەڵێت، نەخشەکە گۆڕی پاشای میدییەکان (غشە تریتە)یە، کە لە سەردەمی پاشا سەرحەدووندا ناوچەی شارەزووری لە دەست ئاشوورییەکان ڕزگارکرد.

سێیەم: سیسیل ئەدمۆنز بۆ سەردەمی ئەخمینییەکانی دەگێڕێتەوە واتە بەر لە (٥٥٠ )ساڵ پێش زایین.

چوارەم: هرتسفیلد وای بۆ دەچێت، نەخشەکە بۆ سەردەمی میدییەکان بگەڕێتەوە، ئەو پێی وایە هاوشێوەی نەخشێکی ترە لە باکووری خۆرئاوای ئێران- واتە خۆرهەڵاتی کوردستان.

هەرچەندە ئەم شوێنەوەرانە بایەخێکی ئێجگار گرنگی مێژووییان هەیە لەناوچەکەداو دەکرێ سودیان لێببینرێ لە بواری گەشتیاری، بەڵام وەك پێویستە کاریان لەسەر نەکراوەو نەپارێزراون، بەشێوەیەکی گشتیش چەند فاکتەرێك بونی هەیە لەوانە :

1. تائێستا وەك پێویست نەتوانراوە بەشێوازێکی زانستی مێژووی ئەو شوێنەوارانە ساغ بکرێنەوە.
2. حکومەتی هەرێم نەخشەوپلانی نەبوە بۆ بەدواداچوون و دانانی بەرنامەی ڕیکلامکردن و ناساندنی ئەو شوێنەوارانە بە گەشتیاران.
3. نەبونی ڕێگای گونجاو بۆگەیشتن بەو شوێنەوارانە
4. دانەنانی چاودێرو پاسەوان تا لەدەستی چەتەو وێرانکاران بپارێزرێن‌و نەشێوێنرێن .

بەمەبەستی چارەسەرکردنی گرفتی گەیشتن‌و نزیك بونەوە لەنەخشە هەڵکۆڵراوەکەی قزقاپان، شوێنەواری سلێمانی ڕێگاکەی چاککردووەو پەیژەیەکی گەورەی لەئاسن بۆ دروستکردوە تا ئەو کەسانەی سەردانی شوێنەوارەکە دەکەن بەئاسانی پێی بگەن، کاتێك لەنەخشە هەڵکۆڵراوەکە نزیك بوینەوە، نیگەران بوین لەوەی کەسانی بێ ئاگاو نارۆشنبیر بە ماجیك‌و بۆیاخ ناوی خۆیان‌و کەسانی تریان لەسەر نوسیوەو ئەمەش ئەو شوێنەوارەی شێواندوە، بەبینینی ئەو دیمەنە ناشیرینانە غەم دەبێتە میوانی دڵی دڵسۆزانی شوێنەوارو مێژووی نەتەوەکەمان.

دانیشتوانی ناوچەکە باس لە یەکەم سەرکەوتنی شاخەکە دەکەن، شێخ ئەحمەد شێخ کەریم ،دانیشتوی دێی زەرزی وتی، لەسەرەتای حەفتاکانی سەدەی بیستەم، من یەکەم کەس بوم چومە ناو شوێنەوارەکە بەهۆی پەیژەی درێژ کە باوکم پەیدای کردبوو، هەروەها وتی، من دراوێکم لەناو یەکێك لە گۆڕەکان دۆزیەوە کەدەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئایینی زەردەشتی‌و کەیخوسرەوشای میدیەکان .


سەبارەت بە گرنگی نەدان‌و ئاوڕنەدانەوەی ئەم شوێنەوارانە لەلایەن حکومەتی هەرێم مامۆستا (هێمن مەجید)کە دانیشتوی دێی زەرزییە وتی، حکومەت ئەتوانێت ئەم شوێنەوارانە بکاتە ناوچەیەکی گەشتیاری کە دەیان کەس هەلیکاری تێدا دەست بکەوێت و خەڵکانی بیانی‌و میوانیش بێنە ئێرەو باشتر بە مێژووی کۆنی نەتەوەکەمان ئاشنا بکرێن .

شوێنەوار شوناسی گەلانە، سندوقی ڕەشی بەڵگەو زانیارییەکانە لەسەر مێژووی دوورو نزیکی ئەو نەتەوانەی لەو شوێنانەدا ژیاون، لەڕێگەی شوێنەوارەکانەوە ئاشنا دەبین بە ئەزمونی ژیاری پێشینانمان، بەڕادەی پێشکەوتوویی فەرمانڕەوا دێرینەکان، بۆیە پاراستن‌و توێژینەوەو وەبەرهێنان تیایاندا کارێکی ئێجگار گرنگەو لەچەندین ڕووەوە سودی گەورەی ئەبێ ...

لەکتێبی(گەشتە مێژووییەکان)ی ڕەئوف محەمەد ئالانی، وەرگیراوە







# کتێب و ڕۆشنگەری

## سیروان حەمە ڕەشید



ستونی پێشکەوتنەکانی خۆرئاوا کتێب و چاپەمەنییەکانە.
کتێب ئەو کەرەستەیە بارتەقای پیداویستیە بنەڕەتیەکانی دیکەی ژیانی مرۆڤ بایەخدار و گرنگە، بەڵام ئایا هەمو کتێبێک خەسڵەت و بەهای کتێبی تێدایە؟ دەتوانین بڵێین نەخێر تەنها لە بەرگە و شێوەیدا کتێبن و ناوەڕۆکەکانیان بریتین لەشتی دژە مەعریفە و ژەهری کوشندە و دەرخواردی هزری خوێنەر دەدرێت و بەرئەنجامیش مرۆڤی بێ بیرکەرەوە و بێ روئیا و پەڕگیر و ڕەهاخوازی دروستکردوە و لەگەڵشیدا کەلەپور و فەرهەنگی موقەدەس و دۆگماتیزم بەرهەمهێناوە، هاوکات دژی هەمو بەهایەکی مرۆگەری و ژیاندۆستیی وەستاوەتەوە و بۆتە لەمپەر لەبەردەم ڕووگە و ئاڕاستەی گەیشتن بەمەعریفەیەکی لۆژیک و زانست و مرۆڤدۆست....
(چارلس دیکتز )دەڵێت: " زۆر کتێب هەن باشترین شت تێیاندا تەنیا بەرگەکەکانیانە"
واتە هەر ناونیشان و جوانی دیزانی کتێب مەرج نییە بۆ کتێبی باش ، بەڵکو ناوەڕۆک و جەوهەری و جۆری مەعریفە و دەقی ئەدەبی جوان و ناوازە پێش مەرج و پێودانگی جیاکردنەوەی کتێبە باشەکانە لە بێکەڵک و زیانمەندەکان.
بێگومان وەزیفەی ئەساسی کتێب ئەوەیە وا لەخوێنەر بکات لەبەردەم قوڵایی تێکێستەکانیدا ڕابمێنێت و بیکاتە کائینگەلێکی بیرکەرەوە و بەئاگا !!! کەواتە دەبێت پێش ئەوەی خوێنەر بیر لەخوێندنەوەی کتێب بکاتەوە گرنگە بزانێت کام کتێب و دەق قابیلی خوێندنەوە؟ کامیانیش شیاوی فرێدانە بۆ ناو زبڵدانی مێژوو..!؟
بەداخەوە لێرەدا باس لە نەخۆشییەکی مەترسیداری کۆمەڵگەی کوردی ئەکەین، کەچەندە هەژار و بێ دەربەستە لەبەرامبەر دونیا کتێب و خوێندنەوەدا ، گەر دیقەت لە دیزان و پێکهاتەی ماڵ و ئۆفیسی دامەزرا و کۆمپانیاکان بدەین. تەنانەت و زۆرێک لەقوتابخانە و ناوەندەکانی خوێندن هەرچی کاڵا و پێداویستی مۆدێرن بۆ ژیان هەیە بەزیادەوە دابینکراوە، تاکە پێداویستی کەتێدا نییە کتێب و کتێبخانەیە، هەر وەک بیریاری عەرەبی (مەحەمەد ئەرەگۆن) دەڵێت: "کۆمەڵگەی عەرەبی بەمۆدێرنەی ماددی گەیشتووە، بەڵام ئەوەی پێ نەگەیشتووە فەرهەنگ و مەعریفەی مۆدێرنەیە" ، ئەمە ئەو هێما و فاکتەیە کەپێماندەڵێت: ئەوپەڕی خاڵی لاواز و داماوی کۆمەڵگەی ئێمەیە ، بۆیە ناتوانین خۆمان بەئاستی بەرەوپێشچوونی هیچ یەکێک لە وڵاتانی ئەورووپی و تەنانەت بەشێک لەوڵاتانی ناوچەکە بەراوورد بکەین.
چونکە بەجیهانی کتیب و خوێندنەوە نامۆین و هەزاران میل لەدواوەین و لەهەمانکاتدا دەرگیرین بەبوغزاندنی مەعریفە و ڕووناککردنەوەی هۆش و عەقڵمان ، هەروەها بەشە هەرە زۆرەکەی کورد سەرمەستی بابەتگەلی پوچگەرایی و جاهیلی و بەگەمژەکردنی خۆیانن، بۆ نمونە دەوڵەتێکی تازەی بچووکی وەک ئیسرائیل تەنها لەیەک مانگدا هێندەی یەک ساڵی هەمو دەوڵەتانی عەرەبی کتێب چاپ دەکات . یان هاوڵاتێکی خۆرئاوایی لەڕۆژێکدا زیاتر لەسێ کاژێر دەخوێنێتەوە ، لەبەرامبەر هاوڵاتێکی ئێمەدا تەنها لە ساڵێکدا سێ کاژێر دەخوێنێتەوە. ئەمە وای کردوە کە جیاوازی گەورە ببینین و بەجۆرێک گێرڤی ڕۆشنبیری و مەعریفەی ئەوان بەراوورد بەئێمە ئێجگار بەرزتر و لەپێشترە!!
(کافکا) دەڵێت:" ئینسان بۆیە دەخوێنێتەوە بۆ ئەوەی فێر بێت پرسیار بکات" زەمینەی سەرهەڵدانێ ئەو شۆڕش و وەرچەرخانانەی لەخۆرئاوادا بووە مایەی دابڕانی ئیپیستمۆلۆژی لەفیکر و ژیاندا.
بێگۆمان لەڕێگەی نوسین و چاپکردنی بێ شوماری کتێب هەموجۆری فەیلەسوف و بیریارانی ئەووڕپی کە تائێستاکەش تێکستەکانیان جەوهەری و ماناى خۆیان لەدەست نەداوە و بەئەندازەیەک کۆمەڵگای خوارئاوایی گەیاندوە بەچاخی ژیانەوە و ڕۆشنگەری و شۆڕشی فیکری فەرەنسی و پیشەسازی ئینگلیزی .

و ڕاماڵی بیری کەلەپور و دۆگماتیزمی ئایینی و ڕووناک کردنەوەی شەوەزەنگی تاریکی و لەدایکبوونی مرۆگەری و دەوڵەتی هاوچەرخ و هاوڵاتیبوون.

لەکاتێکدا خۆرئاوا ئەو گۆڕانکاری و قەڵبەزەی بەخۆوە بینی، بەدڵنیایەوە پشکی هەرە گەورە بەر کتێبی فەیلەسووف و بیریاری و زانایان دەکەوێت، کەواتە کتێب ئەو کەرەستیەیە کەلەمێژوودا تەنها فریای خودی مرۆڤ نەکەوتوە، بەڵکو بۆتە ئامرازێکی فریادڕەس و کاریگەر لە ئەفراندنی گۆڕانە بنەڕەتییەکانی دونیا..

دواجار بۆ ئەوەی بەها و بایەخ بۆ کتێب بگەڕێنینەوە و ببێتە بەشێک لەنۆرم و فەرهەنگ و کەلتور زۆر پێویستە لەسەر هەمو ئاستەکان بیر لەپڕۆژە و کارنامەیەکی جددی و دوورمەودایی هەمەلایەنە بکرێتەوە ، تا دونیای کتێب و خوێندنەوە ببێتە بەشێکی لە پێداویستی بنەڕەتیی ژیان و ئامرازی سەرەکی لەپێناو ئازادکردنی عەقڵ و ویژدان و گەیشتن بەمەعریفەی هاورچەرخ و ژیاندۆستی و سەرپێخستنی و هەنگاوەکانی ڕۆشنگەری و مەدەنییەت و کرانەوەی کۆمەڵگە..

# لەگەڕەکی سابونکەرانی سلێمانی بۆ لوتکەی دەسەڵات

مەلاکان نوێژیان لەسەر تەرمەکەی نەکرد ، چونکە مستەفا پاشای یامۆڵکی وەسێتی کرد بوو تەڵقینی بەزمانی کوردی بکەن نەوەك بەعەرەبی

کەتەرمەکەی لەشاری بەغداد هاتەوە لەسەر وەسێتی خۆی لەگردی سەیوان نێژرا بەمەراسیمی سەربازی وە (21) گولە تۆپ تەقێنرا بۆ ڕێز گرتن لەو ئەفسەرە پلە باڵایەی کورد

تەنها کورد بوو کەتوانی دادگایی مستەفا کەمال ئەتاتورك بکات

خوێنەر بن لەگەڵم لەم بابەتە مێژوویی یە کەشایەنی خوێندنەوە ڕێز گرتن و ستایشە

براتان ؛ ئامانج مەسرەف

ئەستێرەی بەختی لە ئیستەنبوڵ دروەوشاوەتەوە. لە پایتەختی خەلافەتەکەی عوسمانییی ئەو پیاوە کوردە دەبێتە سەرۆکی دادگای عورفیی و بە دەرکردنی بڕیاری لەسێدارەدانی ئەتاتورک، ناووناوبانگی دەگاتە لوتکە. ئەو پیاوە مستەفا پاشای یامۆڵکییە.

مستەفا پاشای یامۆڵکی یەکێك لەو کوردانەی لە سەرەتای سەدەی بیستدا، ناوبانگەکەی سنووورەکان دەبڕێ و لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی مامەڵەی لەگەڵدا کراوە. کەچی تائێستا لەناو میللەتەکەی خۆیدا گرنگییەکی ئەوتۆی پێنەدراوە.

مستەفا پاشای یامۆڵکی لە کۆتایی تەمەنی دەوڵەتی عوسمانییدا کە کەوتە سەرەتای سەدەی بیستەوە، دەبێتە سەرۆکی دادگای عورفیی دەوڵەتی عوسمانییی. دواتر بە تۆمەتی " خیانەتی نیشتمانیی" بڕیاری لە سێدارەدان بۆ مستەفا کەمال ئەتاتورك کە دواتر بوویە دامەزرێنەر و سەرۆکی کۆماری تورکیا دەردەکات.

کاتێك ئەتاتورك دەوڵەتی تورکیای مۆدێرنە بنیات دەنێ، مستەفا پاشا لە ڕیزی ئەو 150 کەسەدا دەبێ کە بڕیاری لێخۆشبوون نایانگرێتەوە. بۆیە ئەو ڕۆژەی زیندوو بوو، یامۆڵکی نەیتوانی بگەڕێتەوە ئەو وڵاتە.

یامۆڵکی یەکێکە لەوانەی لەسەر قەتڵوعامی ئەرمەنەکان خەڵکی لە سێدارەداوە و بە ئاشکرا باسی لە قەتڵوعامی ئەرمەنەکان کردووە، ئەوانەی دەیانناسی گەواهی بۆ دەدەن کە بۆ وڵاتەکەی هەمیشە خەمخۆربووە، تەنانەت یەکێکە لەوانەی کە پرۆگرامی خوێندنی بە زمانی کوردی داڕشتووە و لەسەردەمی مەلیك شێخ مەحموددا وەزیری مەعاریف بووە. کاتێکیش بۆی دەرکەوتووە قوتابخانەکان مامۆستایان کەمە، ناچار خۆی وانەی کوردی فێری منداڵان کردووە.

لە سابوونکەرانەوە بۆ ئیستەنبوڵ

مستەفا عەزیز ناسراو بە مستەفا پاشای یامۆڵکی ساڵی ١٨٦٦ لە گەڕەکی (سابوونکەران)ی شاری سلێمانی لە دایکبووە. دواتر وەک هەموو منداڵانی سەردەمی خۆی، لە لایەن دایکییەوە لە (مزگەوتی سەید حەسەن) لای مەلا فەتاح و عیرفان ئەفەندی کە زانای بەناوبانگی ئەو سەردەمەی سلێمانی بوون، خراوەتە بەر حوجرەو خوێندنی ئاینیی.

"دوای ساڵێک خوێندن لە سلێمانی، ئەمجا نێردراوەتە بەغدا پۆلەکانی تری ڕوشدییەی عەسکەری تەواو دەکات، بڕوانامەی ئەو قۆناغەی خوێندنیشی لە ١٨٧٩/٦/١٣ وەرگرتووە خراوەتە ئیعدادیەی عەسکەری بەغدا. بۆ تەواو کردنی خوێندنی ناوەندی و ئامادەیی سەربازیی دەچێتە شاری بەغدا، لە ئیمتحاندا لە کۆی ٢٨٥ نمرە ٢٨٠ وەردەگرێت. تەمەنی ١٤ ساڵان بووە کە عەزیزی باوکی ساڵی ١٨٧٨ کۆچی دوایی دەکات". (عەبدولعەزیز یامۆڵکی، ل ١١٠-١١١) مستەفا پاشا دوای تەواوکردنی خوێندن لە بەغدا، بۆ ماوەیەک گەڕاوەتەوە سلێمانی.

لە سەردەمی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمدا، بە مەبەستی تەواوکردنی خوێندن، سلێمانی بەجێ هێشتووە ڕوویکردووەتە ئیستەنبوڵ. ١٣ی ئابی ١٨٨٢ چووەتە ڕیزی سوپای عوسمانیی و سەرەتا وەک پیادەیەک ناونووس کراوە، بەڵام دواتر لە ١٨٨٥ کۆلیژی حەربییەی بە پلەی نایاب تەواو کردووە و لە کۆی ١٥٠ نمرە، ١٤٦ نمرەی وەرگرتووە و بووە بە مولازمی دووەم لە لەشکری پیادەی ئەرکانی حەربیی. دواتر پلەکەی بەرز بووەتەوە بۆ مولازمی یەکەم.

مستەفا پاشا هێشتا قوتابی بووە لە کۆلیژی حەربییە کە سەفیەی حسێن پاشای خەندانی مارە کردووە. ساڵی ١٨٨٨ کاتێک خوێندنی تەواو کردووە، ئاهەنگی هاوسەرگیرییەکەی لە ئەسکەلەی (صلاجق)ی ئۆسکودار گێڕاوە. سەفیەی هاوسەری هەرچەندە قۆناغی خوێندنی سەرەتایی تەواو کردبوو، بەڵام ژنێکی ژیر و وریا بووە.




دوای تەواوکردنی کولێژی ئەرکانی حەربیی، بووەتە ئەفسەری ڕوکن لە وەزارەتی جەنگی عوسمانییدا. نزیکەی ساڵێک لە دائیرەی ئەرکانی گشتی جەنگدا دەوامی کردووەو ساڵی١٨٨٩ پلەکەی بەرز بووتەوە بۆ صاغ (رائد)

دوایی لەبەر ئەوەی زەفەر خانمی خەسووی ویستویەتی بچێ بۆ حەج، ئەمیش لەبەر خاتری ئەو وەزیفەکەی گواستوەتەوە بۆ فیرقەی ئەرکانی جەنگ لە حیجاز و لەسەر چیای (ئەبوقوبەیس)ی مەککەدا بۆ ماوەی ساڵ و نیوێک لە حیجاز وەک بەرپرسی حساباتی بنیاتنانی باڵەخانە سەربازییەکان ماوەتەوە.

لەو کاتەی کە لە حیجاز بووە، سەرپەرشتی تێکشکاندنی ئەو گروپە جودابیخوازانەی کردووە کە لە ناوچەی عەقەبە بە پشتیوانی ئینگلیزەکان ڕاپەڕیبوون. بەهۆی ئەو سەرکەوتنەوە ساڵی ١٨٩٢دا پلەکەی بەرز دەکرێتەوە بۆ بینباشی (موقەدەم) و گوازراوەتەوە بۆ مەرکەزی شەشەمین ئۆردوی هومایۆنی ئەرکانی حەرب لە بەغدا.

سەردەمی دیپلۆماسی

مستەفا پاشا، ناوەڕاستی مانگی حوزەیرانی ١٨٩٢ دەگوازرێتەوە بۆ سلکی دیپلۆماسی، یەکەم وێستگەی لەو بوارەدا، لە شاری سەلماس و خۆی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبێتە کونسوڵی عوسمانیی.

مانگی ئاداری ١٨٩٣ دوای پێنج ساڵ لە زەماوەندی خۆی و سەفیە، دەبنە دایکوباوکی کچێک و ناوی دەنێن (زەهرا زێڕین تاج) زۆر نابات پلەکەی بەرز دەکرێتەوە بۆ سەرکونسوڵ، پاشان گوێزراوەتەوە بۆ شاری سنە.

عەبدولعەزیز دەڵێت:

"لە سنە لە مەنتەقەی ئەمانییە ئیقامەتمان کرد، لە نزیک ئەمانییە گردێکی بەرزی جوان هەبوو، ئێمە لەسەر لوتکەی گردەکە بووین. لە ناوەڕاستی گردەکە ئیقامەتگاهی حاکمی ویلایەت هەبوو، حاکمەکە ناوی (حسام ئەلمولک) بوو، کوڕەکەی ناوی ئیحتشام ئەلدەولە بوو، کچی شای ئێران موزەفەرەدین (قەمەر ئەلسەڵتەنە) ژنی بوو، دەرەجەی ئەمیر تومانی پێدرابوو".

کاتێک لە سنە ماونەتەوە، هەرایەکی مەزهەبیی لەنێوان خەڵکی سوننەمەزهەبی سنە و حکومەت سەریهەڵداوە، زۆر لە گەورە پیاوانی شارەکە کوژراون و خەڵک دەورەی سەرای حکومەتی داوە. حیسامول مولک و کورەکەی (ئیحتشامول دەولە) و (قەمەر ئەلسەڵتەنە)ی ژنی، پەنایان بردووەتە بەر مستەفا پاشا. ئەویش بەهۆی ئەو ناوبانگەیەوە کە لە ناو خەڵکدا هەیبووە، هەراکە دادەمرکێنێتەوە.

مستەفا پاشا لەو هەرەیەدا کچەکەی شای ئێران رزگار دەکات و پاشان لە تاران تەسلیمی بنەماڵەکەی کردووەتەوە. بەو هۆیەوە شای ئێران میدالیای دەرەجە دووی شێروخورشیدی ئێرانی پێ دەبەخشێ. سوڵتانی عوسمانییش لەبەر سەرکەوتنەکانی لە کاری دیپلۆماسیدا، میدالیای (مەجیدی سێیەم)ی پێ داوە.

دووەم منداڵی مستەفا پاشا و سەفیەی خێزانی، ساڵی ١٨٩٥ لە شاری سنە لە دایک دەبێ و ناوی دەنێن نجوم.

دوای ماوەیەک مانەوەی لە رۆژهەڵاتی کوردستان وەکو دیپلۆمات، فەرمانی گواستنەوەی بۆ کونسوڵخانەی موستەحکەمی شاری قارس لە قەفقاسیای سەربە روسیا دەردەچێ. دوای نزیکەی سێ ساڵ لە کاری دیپلۆماسی، ساڵی ١٨٩٨ دەستی لە پۆستەکەی کێشاوەتەوە و لەسەر خواستی خۆی جارێکی دیکە گەڕاوەتەوە بۆ ریزەکانی سوپای عوسمانیی.

گەڕانەوە بۆ ناو سوپا

کاتێک گەڕاوەتەوە بۆ ریزەکانی سوپا، کراوە بە قایمقامی رەئیسی ئەرکانی حەربی ئۆردوی شەشەم لە بەغدا. لە گەڕەکی مەیدان بە تەنیشت ماڵی نامیق پاشا (١٨٣١-١٩١٧) والی بەغداد خانوویەک دەکرێت و ماڵەکەی دەگوازێتەوە بۆ ئەوێ. مستەفا پاشا پێش ئەوەی بچێت بۆ بەغدا، بە مەبەستی بردنی منداڵەکانی، لە ساڵی ١٨٩٨ دوای چەندین ساڵ دوور کەوتنەوە بۆ یەکەم جار لە تەورێزەوە هاتووەتەوە بۆ سلێمانی.

ئەو کاتەی لە بەغدا بووە، کە عەبدولوەهاب ئەفەندی دەفتەرداری ویلایەتی بەغدا موچەی خانەنشینی ئەو شارەی نەداوە. خانەنشینەکان هاتوون بۆ لای مستەفا پاشا و سکاڵای حاڵی خۆیان دەکەن. عەبدولعەزیزی کوڕی بەمشێوەیە رووداوەکە دەگێڕێتەوە: "لەو سەردەمەدا موچەی عەسکەریی و موڵکی بە مانگ دوا ئەکەوت، رۆژێک چەند عائیلەیەکی موتەقاعیدین موراجعەتیان بە باوکم کرد و پێیان راگەیاند کە مەعاشی چەند مانگیان وەرنەگرتووە. ئەویش جوابی نارد بۆ دەفتەرداری ویلایەت (عەبدولوەهاب ئەفەندی) کە بەشێک لەو مەعاشەی کە کۆبووەتەوە بیدات و یارمەتی ئەو زوڵم لێکراوانە بدات. رجای لێکردبوو کە یارمەتیان بدات، بەڵام دەفتەردار لە جیاتی یارمەتی هەموویانی داوەتەبەر جوێن و قسەی زۆر ناشیرین و بێ ئەدەبانەی پێ وتبوون. چونکە ئەو عەبدولوەهاب ئەفەندییە بۆ سودی خۆی پارەی کۆئەکردەوە، باوکم کە ئەمەی بیست زۆری پێناخۆش بوو، تەواو بێ تاقەت بوو. رۆژێک لە رێگا توشی دەفتەردار دەبێ، باوکم شەڕی پێ ئەفرۆشێ و ئەڵێ تۆ بە کەرە سپییەکەت خۆت لێ داوم. لەسەر کەرەکە دایئەبەزێنێ و تێروپری لێ ئەدا، دوایی سواری کەرەکەی ئەکاتەوە. ئەم واقیعەیە هەموو خەڵکی بەغدا ئەزانێ، عائیلەی موتەقاعیدەکان هەموویان هاتن بۆ ماڵەوە، زۆر سوپاسی باوکمیان کرد.. لەم رووداوەدا موشیر ئەحمەد فەیضی پاشا لایەنی باوکمی گرت، بەینی عەسکەرییە و موڵکییە تێکچوو، هەندێ لە سەربازانی مەدفەعییە تاڵانی بازاڕیان کرد.. ئینجا دەفتەردار لە ترسا دەستی کرد بە دانی مەعاشی ئەوانەی کە مەعاشیان دواکەوتبوو." (ماموستای کورد ژ ٢٧، ل٥٤)

لەسەر ئەم رووداوە، لە ئیستەنبوڵەوە هەیئەتێکی لێکۆڵینەوە کە لە سێ پاشا پێکهاتبوو دێن بۆ بەغدا، دەرئەنجامی لێکۆڵینەوەکە بەسەر دەفتەرداردا شکاوەتەوە و لە کارەکەی دوور خراوەتەوە.

مستەفا پاشا لە ١٦ی کانوونی یەکەمی ١٩٠٢ بە بیانوی ئەوەی هەوای بەغدای پێ ناکەوێ، داوای گواستنەوەی کردووە. لەسەر داوای خۆی بۆ سەرۆکایەتی ئەرکانی جەنگی فیرقەی سیواس گوێزراوەتەوە.

ساڵانی ١٩٠٣-١٩٠٤ پلەکەی بۆ میرئالا بەرز کراوەتەوە، کانوونی یەکەمی ١٩٠٥ ئیرادەی سوڵتانی بۆ پێکهێنانی دەستەی لێکۆڵینەوەی سنووری ئێران و عوسمانیی، بە سەرۆکایەتی واحید پاشا دەرچووە، مستەفا پاشا بووە بە ئەندامی ئەو دەستەیە و بۆ ئاشتەوایی تیرە ناکۆکەکان سەردانی بەسرە و سلێمانی کردووە. هەر ئەو ساڵە لە ناوچەی لاچین سەرپەرشتی شاندی عوسمانیی کردووە و تا سەردەمی مەشرووتە بەردەوام بووە.

٢٢ی شوباتی ١٩٠٨ گەڕاوەتەوە ئیستەنبوڵ و کراوە بە قوماندانی لیوای نیزامیی بیستویەکەم لە ئۆردووی شەشەمی سوپای عوسمانیی.

مستەفا پاشا ١٩٠٨/٣/٧ بوو بە قۆماندانی لیوای نیزامیە لە شەشەمین ئۆردوی نیزامی لە بەغداد. ساڵی ١٩١٠ کراوە بە قۆماندانی فیرقەی نیزامی لە ئازەربایجان.

فەرمانی لە سێدارەدان بۆ ئەتاتورک

دوای شکستی دەوڵەتی عوسمانیی لە جەنگی یەکەمی جیهانیدا، لە ١٩١٨/١٠/٣٠ ئاگربەستی (مودروس) لە نێوان وڵاتانی هاوپەیمان و دەوڵەتی عوسمانیی راگەیەندرا. دوای کۆتایی هاتنی جەنگ، ١١ی تشرینی یەکەمی ١٩١٨، لە دەوڵەتی عوسمانیی حکومەتێکی نوێ بە سەرۆکایەتی (داماد محەمەد عادیل فەرید پاشا ١٨٥٣ - ١٩٢٣/١٠/٦) لە ٤ی ئازاری ١٩١٩ راگەیەنرا.

دوای دەست بەکاربوونی کابینەی نوێ، دەست کرا بەهەڵماڵینی پەردە لەسەر تاوانەکانی حکومەتی ئیتیحاد و تەرەقی. بە تایبەتی تاوانەکانی جەنگ و تاوانی دژ بە ئەرمەنەکان.

وڵاتانی سەرکەوتوو لەگەڵ حکومەتە نوێیەکەی دەوڵەتی عوسمانییدا لە ١٩١٩/١٢/١٨ دادگایەکیان لە پێنج کەس پێکهێنا بۆ لێکۆڵینەوە لەو تاوانانەی کە لە کاتی جەنگدا روویداوە، بە فەرمانی داماد فەرید پاشا ١٨٥٣-١٩٢٣ و پشتیوانی کردنی ئینگلیزەکان، لە سەرەتادا مستەفا پاشا یاموڵکی کرا بە ئەندامی ئەو دادگایە.



ئەم وێنەیە زاراخانی کچی مصطفی پاشای یاموڵکی لەگەڵ عیزەت بەگی وەسمان پاشای هاوسەری

بەڵام فەرید پاشا لە تشرینی یەکەمی ١٩١٩ دەستی لەکارکێشایەوە و عەلی رەزا پاشا ١٨٦٠-١٩٣٠ لە ١٤ی ئۆکتۆبەری ١٩١٩ کابینەی نوێی پێکهێنا، ئەم کابینەیە زۆری نەخایاند و لە ٢ی ئازاری ١٩٢٠، عەلی رەزا پاشا دەستی لە کار کێشایەوە و جارێکی دیکە داماد فەرید پاشا لە ٥ی نیسانی ١٩٢٠ کابینەیەکی نوێی راگەیاند. فەرید پاشا، لە ١٠ی نیسانی ١٩٢٠، واتە دە رۆژ دوای دەستبەکار بوونی، ئیرادەییەکی سنیەی دەرکرد و مستەفا پاشا یامولکی کرد بە سەرۆکی فەوقەلعادەی دادگای دیوانی عورفیی یەکەم. رۆژی ١١ نیسانی ١٩٢٠، مستەفا پاشا دەستی بە دادگاییکردنی ئەوانە کرد کە تورکیایان راکێشابووە ناو جەنگەوە و لە سوڵتان یاخی ببوون.

دادگاکە چەند ئەرکێکی گرنگی پێ سپێدرا، لەوانە دادگاییکردنی سەرانی ئیتیحاد و تەرەقی. رۆژنامەی (العرب) کە دوای داگیرکردنی عێراق لە لایەن ئینگلیزەکانەوە لە ساڵی ١٩١٧ەوە دەرچووە، لە ژمارە ٥٤١ی رۆژی ١ی ئایاری ١٩١٩دا جۆری ئەو تۆمەتانەی خستوەتەڕوو کە سەرانی ئیتیحادوتەرەقیی پێ محاکەمە کراون، بریتی بوون لە:

١. بەشداری کردن لە جەنگدا بەبێ هۆ.

٢. بڵاوکردنەوەی زانیاری ناڕاست سەبارەت بە هۆکارەکانی جەنگ و پێدانی زانیاریی هەڵە لەسەر رووداوەکان و بەڕێوەچوونی جەنگەکە.

٣. رەتکردنەوەی داواکارییە شەرەفمەندانەکانی هاوپەیمانان، پێش سەفەربەلک و چوونە پاڵ ئەڵمانیا بێ هیچ گرەنتی و بەڵێنێک لە لایەن ئەو وڵاتەوە.

٤. سپاردنی جەنگەکە بە کەسانێک کە هیچ شارەزاییان لە کاروباری سەربازییدا نەبووە، هەروەها ئەنجامدانی کاری سەرشێتانە و بەکارهێنانی وزە و توانای ئومەت لە پێناوی بەرژەوەندی کەسیی.

٥. دەرکردنی فەرمان و بڕیاری وا کە لەگەڵ رێساکانی مافی مرۆڤدا نەگونجێن و دژ بە گیانی دەستوری مەملەکەتن و وڵاتیان گەیاندە رادەی کارەسات.

٦. رازی نەبوون بە ئاشتی، بە تایبەتی پاش روخانی روسیا.

٧. وێرانکردنی ئابووری وڵات و بەتاڵان بردنی داهات، لە پێناوی دەوڵەمەندکردنی هەندێ کەسدا.

٨. گرتنەبەری سانسۆری ناپێویستی سیاسیی و سەربازیی و نەهێشتنی ئازادی چاپەمەنی و پەیوەندیکردن و رێگەگرتن لە هاتنی چاپەمەنی ئەوروپایی بۆ ناو وڵات.

٩. دروستکردنی پشێوی لە ناوخۆی وڵات و واڵاکردنی دەستی چەتەکان بۆ دەستدرێژیکردنە سەر ناموس و موڵک و ماڵ و گیانی خەڵک.

دادگاکە لە نیسانی ١٩٢٠ دەستی بەکارەکانی کرد و تا تەموزی ساڵی ١٩٢٠ بەردەوام بوو. یەکێک لە دیاردەکانی نێو دادگاکە بەشداریکردنی دوو نوێنەری ئەرمەنی بوو، ئەو دوو کەسە راپۆرتێکیان سەبارەت کوشتنی یەک ملیۆن ئەرمەنی و راگواستنی ٢٥ هەزار رۆمی و دەست بەسەراگرتنی ماڵ و موڵکیان خستە بەردەم دادگاکەوە، دادگاش تاوانی جینۆساید کردنی ئەرمەنییەکانی خستە بەرنامەی کارەکانییەوە.

یەکێک لە کارە هەرە دیارەکانی مستەفا پاشا یامولکی، دەرکردنی فەرمانی لە سێدارەدان بووە بۆ مستەفا کەمال ئەتاتورک، لیوا فوئاد پاشا، میرئالای قەرە ئاسف و فەریق مستەفا فەوزی پاشا و دکتۆر عەدنان بەگ و رەئوف بەگ و چەندین ئەفسەری دیکەی سوپاکەی مستەفا کەمال لە ٢٠ی ٥ی ١٩٢٠.(ئەمین محەمەد سەعید ل٢٣) رۆژنامەی (العراق) لە ژمارە ٤٤٤ی رۆژی ٢٢ی تەموزی ١٩٢٠ بەمشێوەیە هەواڵی دەرکردنی فەرمانی لە سێدارەدانەکەی بۆ مستەفا کەمال بڵاوکردووەتەوە:

دادگای دیوانی حەربیی لە ئەستانە، حوکمی ئیعدامکردنی بە غیابی بۆ مستەفا کەمال پاشا، قەرە ئاصف بەگ، عەلی فوئاد پاشا، رۆستەم بەگ، ژنە نووسەری ناوداری تورک خالدە ئەدیب خانم و دکتۆر عەدنان بەگ، دەرکردوە". ٢٤ی ئازاری١٩٢٠ دیوانی سەدری ئەعزەم رەزامەندی لەسەر بڕیارەکە دەربڕییووە.

هەموو ئەو حوکمانەی کە لە دادگای عورفیی سەربازی دەرکراون، لە لایەن سوڵتان محەمەدی شەشەم، دوایین سوڵتانی عوسمانیی و داماد فەرید پاشاوە ئیمزایان لەسەر کراوە. دوای بڕیاری لە سێدارەدان بۆ مستەفا کەمال ئەتاتورک، فەرمانی گرتن بۆ ئەو و تاوانبارانی دیکەی کەیسی ئەرمەنییەکان دەرچوو. بەڵام دوای بڕیاری دادگا، جگە لە مستەفا کەمال، تاوانبارە سەرەکییەکانی ئەو کەیسە، تەلعەت پاشا و ئەنوەر پاشا بۆ ئەڵمانیا هەڵهاتن.



مستەفا کەمال و لایەنگرانی دوای دەرکردنی ئەم بڕیارە، بە مستەفا پاشایان دەوت نەمروود، کاتێکیش هاتنە سەر دەسەڵات یەکەم ئیشیان ئەوە بوو هەموو بڕیارەکانی دادگاکەی مستەفا پاشایان هەڵوەشاندەوە و ناوی مستەفا پاشایان خستە لیستی داواکراوەکانەوە.

## قەتڵوعامی ئەرمەنەکان

کە باس لە قەتڵوعامی ئەرمەنییەکان دەکرێت، لە پاڵ تۆمەتبارکردنی تورکەکان، یەکسەر پەنجەی تۆمەتیش بۆ کورد رادەکێشرێ. مێژوونوسانی کورد زۆر هەوڵیان داوە ئەو تۆمەتانە بسڕنەوە، یان کاڵ بکەنەوە. بەڵام هیچ کاتێک ئاماژەیان بەوە نەداوە کە رۆژگارێک کەسایەتیەکی وەک مستەفا پاشای کورد دادگایی تاوانبارانی کوشتنی ئەرمەنییەکانی کردووە، بگرە لەبەرئەو کارەی لەلایەن دادگاکانی ئەتاتورکەوە فەرمانی زیندانیکردنی بۆ دەرچووە.

لە نێو ئەوانەی بە کوشتنی ئەرمەنەکان تۆمەتبار کرابوون، دوو کەس هەبوون کە رۆڵی بەرچاویان هەبوو لە جێبەجێکردنی سیاسەتی جینۆسایدی ئەرمەنەکاندا. (محەمەد کەمال بەگ ١٨٨٥-١٩١٩) کە حاکمی ویلایەتی (یوزگات) و (بەهرام زادە نوسرەت ١٨٩٩-١٩٢٠) حاکمی ولایەتی (بایبورت).

محەمەد کەمال بەگ، لە لایەن مستەفا پاشا، کە ئەو کاتە داواکاری گشتی بوو، تۆمەتی کوشتنی ٦٢٠٠٠ ئەرمەنی لە (یوزگات) درایە پاڵیەوە. لە ٢٩ ئازاری ١٩١٩ دادگا سزای لە سێدارەدانی بۆ دەرکرد. لە ١٠ی نیسانی ١٩١٩ سزاکە لە گۆڕەپانی بایزید لە ئیستەنبوڵ جێبەجێ کرا. (

بەهرام زادە نوسرەت، لە ساڵی ١٩١٥ رۆڵێکی بەرچاوی هەبوو لە جینۆسایدکردنی ئەرمەنەکاندا، لە ١٩٢٠/٤/٢٠ لە لایەن مستەفا پاشا یامولکییەوە سزای لە سێدارەدانی بۆ دەرکراوە، دوای چەندینجار تێهەڵچوونەوە، سێ ژنی ئەرمەنی لە دوایین دادگاییکردنیدا وەک شایەتحاڵ هاتنە دادگاکەو شایەتیاندا و وتیان دوای کوشتنی مێرد و کورەکانیان، نوسرەت بەگ دەستدرێژی کردووتە سەریان. بەمجۆرە مستەفا پاشا لە ١٩٢٠/٧/١٧ جارێکی دیکە سزای لە سێدارەدانی بۆ دەرکردەوە.

رۆژی ١٩٢٠/٨/٤ سوڵتان ئیمزای لەسەر حوکمەکەی کرد و لە ١٩٢٠/٨/٥ لە گۆڕەپانی بایزید لە ئیستەنبوڵ لە سێدارەدرا. لەو وەسیەتنامەیەی کە پێش لە سێدارەدانەکەی بۆ براکەی بەجێی هێشتبوو، نوسیویەتی: من قوربانیی رق و قینەکانی مستەفا پاشام.

نەمروود

دوای ئەو بڕیارانە لایەنگرانی ئەتاتورک هێرشێکی زۆریانکردە سەر مستەفا پاشا و ناویان نا (نەمرروود) گوایە ناسیۆنالیستێکی کوردە و بڕیارەکانی وەک نەمرروود نادادپەروەرانەیە. لە وەڵامی ئەواندا مستەفا پاشا لە ١٩٢٠/٩/١٥ بە ڕۆژنامەی (D›Orient)ی ڕایگەیاندووە: "من لایەنگری دادگایەکی کراوە و سەربەخۆم، ئەوان تۆمەتبارم دەکەن کە من لە بڕیارەکانمدا توندوتیژم، یان ناسیۆنالیستم، ئەو تۆمەتانە بۆ پەردەپۆشکردنی تاوانەکانیانە)

مستەفا پاشا، هاوسۆزییەکی زۆری بۆ ئەرمەنەکان هەبووە و بەچاوی خۆی زوڵم و زۆری تورکەکانی بینیووە کە دەرحەقیان کراوە. بۆیە زۆرجار پشتیوانی خۆی بۆ دەربڕیوون. تەنانەت لەگەڵ پارتی نەتەوەیی دیموکراتی ئەرمەنیدا کە لە لایەن پاتریارکی ئەرمەنەوە پشتیوانی لێکراوە، پەیوەندییەکی پتەوی هەبووە، ئەمەش هێندەی دیکە ڕقی تورکەکانی هەڵساندووە.

فەریدوون عەتا سەبارەت بە نزیکی مستەفا پاشا لەگەڵ ئەرمەنەکان و مەبەست لەو نزیککەوتنەوەیە لە کتێبەکەیدا نووسیویەتی: "مستەفا پاشا دوای گەڕانەوە لە بورسا و ئەو کاتانەی کە سەرۆکی دادگا بووە، بەردەوام بووە لە دژایەتی کردنی میللەتی تورك، هەمیشە لەگەڵ ئەرمەنەکاندا لە پەیوەندیدا بووە، لەوەدا ئامانجی ئەوەبووە پشتگیری بۆ جوڵانەوەی کوردایەتی بدۆزێتەوە، لە ڕێگەی لێدوانەکانییەوە لەبارەی کۆمەڵکوژی ئەرمەنەکان، هەوڵی داوە سەرنجی ئەرمەنەکان و وڵاتانی هاوپەیمانی ڕابکێشێت.

## 150 کەسەکە

پاش ڕاگەیاندنی کۆماری تورکیا لە ساڵی ١٩٢٤، حکومەت لیستێک لە ناوی ئەو کەسانەی ئامادە کرد کە گوایە خیانەتیان لە تورکیا کردووە و دەبێ لەناوببرێن. لەسەرەتادا ئەو لیستەی کە وەزارەتی ناوخۆ ئامادەی کردبوو لە ٦٠٠ کەس پێکهاتبوو. بەڵام بەپێی خاڵێکی پەیماننامەی لۆزان دەبوایە ژمارەی ئەو کەسانەی کە دەبێ لە ناو ببرێن لە ١٥٠ کەس تێپەر نەکات. پاش بگرە و بەردەیەکی زۆر، لیستەکە کەم کرایەوە بۆ ١٤٩ کەس. لە ٢٣ نیسانی ١٩٢٤ لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران و مەجلیسی مەزنی تورکیا بڕیار لەسەر ناوی ئەو ١٤٩ کەسە درا. بەڵام لە یەکی حوزەیرانی ١٩٢٤ بە بڕیارێکی حکومەت ناوی ڕەفعەت بەگ'یش خرایەسەر لیستەکە و ژمارەکە بوو بە ١٥٠ کەس. لە ٢٨ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٣٨ بە پێی یاسایەک ئەو بڕیارە هەڵوەشێنرایەوە.

مستەفا پاشا لە ڕیزبەندی ٣١هەمین کەسدا بووە. بێجگە لە مستەفا پاشا چەندی کوردی دیکەش بەهەمان تۆمەت خرابوونە لیستەکەوە لەوانە (کورد ئەحمەد). ئەحمەد حەمدی بەگ ١٨٤٨- ١٩٣٨ حەمدی بەگ کە ١٨٧٨ مەکتەبی عەسکەری تەواوکردووە دۆستێکی نزیکی مستەفا پاشا بووە. لە شەڕی بالکاندا ڕۆڵی سەرەکی بینووە، ساڵی ١٩١٤ خانەنشینکراوە. سکرتێری جەمعەیەتی تەعالی کوردستان بووە، دوای سەرکەوتنی هاوپەیمانان بە سەر تورکیادا، جارێکی دیکە ئەستێرەی بەختی گەشاوەتەوە ولە نیسانی ١٩١٩ کراوە بە وەزیری دەریایی دەوڵەتی عوسمانیی تاوەکو تەمووزی ١٩١٩. یەکێک بووە لەوانەی بەناوی دەوڵەتی عوسمانییەوە، ئیمزای لە سەر پەیماننامەی سیڤەر کردووە. دوای ڕاگەیاندنی کۆماریی، ئەویش بە ژمارە ١٣ لە لسیتی داواکراوەکانی مستەفا کەمال بووە. بۆیە هەڵهاتووە بۆ یۆنان و دواتر بریتانیا و میسر و پاشان تاو کۆچی دوایی لە تیرانای پایەتەختی ئەلبانیا سەقامگیر بووە.

## دەستبەکاربوونی حوکمداری کوردستان

پاش پشوویەک، ٩ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٢ حوکمداری کوردستان بە دەرکردنی ئیرادەی حوکمڕانی ژمارە (١) بە شێوەیەکی فەرمی دەستی بەکارەکانی کردووە. لەو ئیرادەیەدا شێخ مەحمود بەرنامەی کاری خۆی بەم شێوەیە دیاری کردووە:

"ئەی میللەتم، ئەمین بن کە زامنی سەعادەت و موەفەقییەتی ئەقوام، ئیتیحاد و ئیتیفاقە، میللەتێ کە خوێنی ڕشتبێ بۆ حەقی خۆی، قەطعیییەن مەحروم و ئەسیر نابێ. قەراری عالەمی مەدەنییەتیش ئەمەیە کە هەر قەومێ و عونصرێ خۆی بە خۆی ئەبێ ئیدارە بکات. ئەوەڵەن ئێمە کە میللەتی کوردین، ثانییەن بۆ ئەم غایەیە قوربانییەکی زۆرماندا، بە ئەو شەرتە کە یەک دڵ و یەک زوبان و یەک وجود بین، بە ئیزنی خودا هیچ کەس زەفەرمان پێ نابا و منیش تا ئاخیر قەترەی خوێن و ماڵی خۆم و ئەولاد و ئەتباعم، بۆ سەعادەتی ئێوە صەرفم کردووە و تیکراری ئەکەم.. هیممەت لە ئێوە و موەفەقییەت لە خودا .. حوکمداری کوردستان مەحمود".

## مستەفا پاشا ڕەئیسی مەعاریف

ئیرادەی حوکمڕانیی ژمارە (٢) لە١٩٢٢/١٠/١٠دا بڵاوکرایەوە، تایبەت بوو بە کابینەی دووەمی فەرمانڕەواییەکەی شێخ مەحمود. لەو ئیرادەیەدا مستەفا پاشا پۆستی (ڕەئیسی مەعاریف)ی پێ سپێردرا.

دەقی ئیرادەکە بەم شێوەیە:

صوورەتی ئیرادەی عەلییەی حەضرەتی حوکمدار
عەدەد (٢)
لە مەملەکەتی سلێمانی دا نووسرا.
بۆ تەشکیلی حکومەتی کوردستان، نەصب و تەعینی ئەم ذاتانەم لە قابینەی حکومەتدا موناسیب دی:
سپەسالار.... شێخ قادر
ڕەئیسی داخلییە... محەمەد غەریب
ڕەئیسی مالییە... عەبدولکەریم عەلەکە
ڕەئیسی مەعاریف... میر لیوا مستەفا پاشا
ڕەئیسی شەرع و عەدل...
ڕەئیسی گومرک.. ئەحمەد بەگی فەتاح بەگ
ڕەئیسی نافیعە... محەمەد ئاغای عەبدولڕەحمان ئاغا
ڕەئیسی ئەمنییەتی عومومییە.. سەیید ئەحمەد بەرزنجی
هەر کەسە مەقام و وەظیفەی خۆیم پێ سپاردن، ئیراد ئەکەم دەرحاڵ دەست بە تەدویری ماکینەی حکومەت بکەن. ومن الله التوفیق
حوکمداری کوردستان
مەحمود

لە ئیرادەی ژمارە (٣)ی ١٥ی تشرینی دووەمی ١٩٢٢دا، جارێکی دیکە جەخت لەسەر بەڕێوەبردنی کاروباری مەعاریف کراوەتەوە و تێدا هاتووە: "ڕیئاسەتی مەعاریف بیلجوملە ئوموری مەعاریف و هەرچی تەرتیباتێ کە ئیجاب بکات، لەم خصووصەوە ڕاجیع بە ڕیئاسەتی مەعاریفە".

لەو ماوە کەمەی کە ڕەئیسی مەعاریف بووە، سەرەڕای نەبوونی داهات و کەمیی مامۆستا، مستەفا پاشا توانی دوو قوتابخانەی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی (مەحمودییە) و (قادرییە) لە سلێمانی دروست بکاتەوە.

## بەیاننامەی دەستبەکاربوونی وەزیری مەعاریف

مستەفا پاشا لەپاش دەستبەکار بوونی وەک ڕەئیسی مەعاریف، پەخش نامەیەکی بەسەر مامۆستاندا دابەش کردوە ئەمە دەقەکەیەتی:

مەعاریف بە مەعنای تێگەیشتنە، جەمعی کەلیمەی مەعریفەتە. صەنایع بە مەعنای خرتونی ئیش و کارە، جەمعی صەنعتە. مەعریفەت و صەنعەتیش لە سایەت عیلم (زانین)ەوە پەیدا دەبێ. لە دنیادا هەموو قەومێ بە واسیطەی مەعاریف و صەنایعەوە کاروباری خۆی ڕێک دەخا و بۆ ڕاحەتی خۆیان هەرچی لازم بێت دەیکا، بەم نەوعە ئەو قەومە دەتونێ بژی و نام و نشانێکی چاک و بۆ خۆی ئازادی و سەربڵندی پەیدا بکا. بە عیلم و عیرفان و بە واسیطەی خوێندنەوە دێتە مەیدان. هەر قەومێ، هەر جەماعەتێ خوێندەواری کەم بێت و نەبێت بەو قەومە دەڵێن جاهیلە، یاخود وەحشییە و ئیش و کاری جاهیل باخصوص لەم زەمانەدا هیچ پەسەند ناکرێ و ئەو قەومە هەر بە چاوی خراپی دەبینرێ و لە نەظەر قەومانی مەدەنیدا لەبن صاحیب مەعاریف

و صەنعەتدا جێگای ئیعتبار و حورمەتی نابێت و لە ناو وولات ی قەومی جاهیلدا لە جیاتی راحەتی لە گەلّ یەكتری هەر شەڕ و شۆڕیان دەبێ. بێ خوێندن و بێ نووسین ئینسان ئەگەر كەسێك صەنعەت یا مەعریفەت فێر نەبێ جێ دەمێنێ.

بۆ خوێندنیش ئەم ئصولّی ئەلف بایە كە لەم كتابی ئەوەلّەدا نووسراوە، ئەگەر مامۆستاكان بە هیمەت ئەم ئەلف بایە بە شاگردان فێر بكەن بە دوو، نیهایەت بە سێ مانگ شاگردان فێری خوێندن و فێری نووسینێكی بە قاعیدە دەبن.

ئەی جوانمەردانی كوردان بخوێنن، بنووسن. ئێوە و خودا حەیف نییە، ژنێك بۆ مێردی خۆی، پیاوێك بۆ ژنی خۆی یان مندالّ و برادەرێكی خۆشەویستی خۆی، بۆ ئیشوكارێكی پێویستی خۆی، نەتوانێ كاغەزێ بنوسێ و ئەوەی لە دلّیایە دەوروبەر تێنەگەیەنێ، تاكو ئەفرادی عایلەتەن، باخصوص ژنانمان.... لە وەقتی خۆیدا كوردان ئەلف بایەك و مەعاریفێكی مەخصوصیان هەبووە، لە گەلّ حكومەتی پەهلەوی كوردی و لە گەلّ ظهوری ئیسلام میللەلی كورد و فورس دووی قورعانی عەرەبی كەوتن...."

## چەند بەسەرهاتێكی ژیانی یامولّكی

(1)

مستەفا پاشا زۆر حەزی لە گەڕان و پیاسە كردووە، زۆر جار بە پێ هەتا بناری گوێژە رۆیشتووە، پانتۆلّێكی تەسكی سواریی (برجز)ی لە پێكردووە. رۆژێك لە بناری گوێژە پیاسەی كردووە، لای داوەتە لارێكەوە و بە پێوە میزی كردووە. لەو كاتەدا تاقمێكی لادێی بە خۆیان و بارە ترێكانییانەوە بەوێدا تێ پەڕیبوون. چاویان بە پاشا كەوتووە كە بە پێوە میزی كردووە (لە ناو لادێییەكاندا بە پێوە میز كردن، ناشیرین و ناشایستەیە) ئەوانیش پێی پێكەنیوون، كە لێ بووتەوە دوایان كەوتووە و ئەوەی زۆر گالّتەی پێ كردبوو و زمانی لێ دەركێشاوە رائەوەستێنێ دەمانچەكەی لێ دەرهێناوەو پێی وتووە:
- سەگباب راوەستە نەڕۆی.
كابراش رەنگی زەرد هەلّ گەڕاوەو وتوویەتی:
- مامە بەقوربانت بم، ناماقولّیم كرد و لێم ببورە.
پاشا بەرۆكی بەرنەداوە و پێی وتووە:
- رانكەكەت داكەنە!
كابرا زۆری لێ پاڕاوەتەوە:
- بێنە دەستت ماچ كەم، حەیام مەبە.
پاشا:
- مەترسە هیچت لێ ناكەم.
بەزۆر رانكەكەی پێ داكەندووە و خۆشی پانتۆلّە تەسكەكەی داكەندووە و داویە بە كابرا و بە زۆر لە پێی كردووە، ئەنجا پاشا پێی وتووە:
- دەی ئەگەر ئازای دانیشە و میز بكە!
كابرا زۆر هەولّی داوە نەیتوانیوە دانشێت و میز بكات:
- قوربان بە خوا ناتوانم دانەومەوە،
پاشا
- كە ناتوانی، جارێكی دی ناماقوولّی وا نەكەی. سەگباب كە خۆت ناتوانی شتێك بكەی، ئیتر بۆچی گالّتە بەخەلّكی دی ئەكەی؟!.

(2)

سالّی ١٩١٢ ئەو كاتەی مستەفا پاشا لە سوپای عوسمانییدا جەنەرالّ دەبێ، لە ئەستەمبوولّ عەسكەرێكی ناردووە بۆ ئەوەی بۆیاخچییەكی بۆ بێنێت تا پووتەكانی بۆ بۆیاخ بكات، عەسكەرەكە بۆیاخچییەكی كوردی سنەیی بۆ هێناوە. كوڕەكە بەدەم بۆیاخ كردنی پووتەكانی مستەفا پاشاوە، تا توانیووە بە كوردی جنێوی پیس و ناشیرینیی پێ داوە، مستەفا پاشا هیچ دەنگی نەكردووە تا بۆیاخچییەكە لە كارەكەی بووتەوە، مستەفا پاشا دەست دەكات بە گیرفانیدا و بە كوردی پێی وتووە:
- كوڕم ئەوە دە قووروش بۆ بۆیاخ كردنەكەت، ئەو دە لیرەش بۆ جنێوەكانت!
كوڕەكە زۆر پەشیمان بووتەوە و زۆری لێ پاڕاوەتەوە لێی ببورێ، مستەفا پاشا بە دەم پێكەنینەوە بەرێی كردووە.

(3)

محەمەد رەسووڵ هاوار، لە زاری حاجی كەریمی شمقاڕ گێراویەتەوە:
"رۆژێك مستەفا پاشا یامولّكی بە دوو زەلام و گوریسێكەوە هات، ئەو كاتە ئەو جادەی سابوونكەرانە وا پان و گەورە نەبوو، كۆلانێكی تەنگەبەر بوو، پاشا ئەو گوریسەی لە هەردوو سەری كۆلانەكە بە دوو مێخ قایم كرد و دایكوتا. شارباژێری و بەرزنجەیی بە بارە دار و خەلّووز و میوە و دارە درێژەوە كە ئەهاتن بۆ سلێمانی، هەموویان ئەبوایە لەوێوە بچنە ناو شار. كە گەیشتنە سەر گوریسەكە، تەماشایان كرد وا رێگەی رۆیشتنیان نییە، لە مستەفا پاشا پاڕانەوە كە گوریسەكە لابا هەتا زوو بگەنە بازاڕ و بارەكانیان بفرۆشن، نەخێر پاشا هەر وەلّامی نەدانەوە، تۆزێكی تر تاقمێكی تر هاتن هەربەو جۆرە ئەوانیش وەستان و پاڕانەوە هیچ سودی نەبوو، كاروانێكی تر هات، بارەداریان پێ بوو، ئەوانیش وەستان، یەكێكیان وتی:
- ئەرێ باوكم پاشای ماشای، هەرچییەک هەی، گوریسەكەت لابە، با بڕۆین.
مستەفا پاشا هەر وەرامی نەدانەوە. یەكێكیان زۆر سەرگەرم بوو، لێی هاتە پێشەوە و چوو لقەدارێكی لە بارەكەی دەرهێنا، وتی:
- سەگباب گوریسەكەت لائەدەی باشە، لای نەدەی، بەم دارە سەرت ئەهاڕم.
ئەوجا پاشا دەستی كرد بە پێكەنین و وتی ئەی دەم خۆش، ئەی بە قوربانی دەمت بم، ئادەی توخوا جنێوەكەت بدەرەوە، كوڕە خەلّكینە، هەتاكەی ئێوە هەر فێری پاڕانەوەن؟ بەس بپاڕێنەوە!! تەنها شەق ئەزانێت قۆناغ لە كوێیە، بەخوا هەتا ماون، بەشەق نەبێ ناگەنە حەقی خۆتان، بەس بپاڕێنەوە، پاڕانەوە كەلّكتان نادا".

## مردنی مستەفا پاشای یامولّكی

لە دواساتەكانی تەمەنیدا مستەفا پاشای یامولّكی نەخۆشی لە پەلوپۆی خستبوو، بۆیە لە ڕاپۆرتەكانی حكومەتی توركیادا باسی لێوەكراوە.
حاجی مستەفا پاشا دوای سالّی ١٩٣٠ باری تەندروستی تێك دەچێ و بەو هۆیەوە لە شوێنێكی دیاریكراو نیشتەجێ نابێت. بۆ وەرگرتنی چارەسەر، سەردانی چەند شوێن و ولّاتێكی كردووە. فەریدون عەتا لە كتێبەكەیدا راپۆرتێكی كۆنسولّی توركیای لە بەیرووت بلّاوكردووەتەوە، كە ٣ی حوزەیرانی ١٩٣١ بۆ وەزارەتی ناوخۆی توركیای ناردوە، لە راپۆرتەكەدا هاتووە: "مستەفا پاشا توشی نەخۆشییەكی قورس بووە و لە نەخۆشخانەی (هۆتێل دیو) لە بەیرووت چارەسەر وەردەگرێت"
بەلّام نەخۆشی و ماندوێتی وای لە مستەفا پاشا نەكرد بیر لە كێشەی نەتەوەكەی نەكاتەوە. راپۆرتەكەی كۆنسولّی توركیا لە سەری دەڕوات و لەبارەی بیروبۆچوونەكانیەوە هەندێ زانیاری پڕبایەخ ئاشكرا دەكات: "لەو كاتانەی كە مستەفا پاشا لە نەخۆشخانە بووە، هەوالّگری توركیا چاودێریان كردووە و هەولّی ئەوەیان داوە بۆچوونەكانی لەبارەی توركیاوە بزانن. مستەفا پاشا لە نەخۆشخانە بە سیخوڕێكی هەوالّگری توركیای ووتوە، ئیتر بە شەڕكردن لەگەلّ توركەكان ناتوانین هیچ دەستكەوتێك بەدەست بهێنن و لەمەودوا سیاسەتی كوشتنی سەركردەكانی تورك پەیڕەو دەكەین، هەر وەها فەیسەلّ-یش كە پەیوەندی باشی لەگەلّ ئاتاتورك هەیە، لەناو دەبەین".
لەو ماوەیەدا جەمعییەتی خۆیبوون لە شام جموجۆلّی زۆری هەبووە، سیخورەكەی توركیا لە بارەی پەیوەندی مستەفا پاشا بەو جەمعییەتەوە زانیارییەكی گرنگی داوەتە دەسەلّاتدارانی تورك و نووسیویەتی:

"مستەفا پاشا باسی لەوە کردوە، کە ماوەی هەفتەیەکە لەگەڵ کوردانی سەر بە جەمعییەتی خۆیبون لە دیمەشق کۆبونەوە دەکات. ئەو جەمعییەتە لە تورکیاش ئەندامی هەیە و لە ماوەیەك نێزیکدا، فیدابیەکانی کورد بۆ ناوخۆی تورکیا دەنێردرێتەوە".

ئەو قسانە ئەوە دەسەلمێنن کە مستەفا پاشا پەیوەندی توندو تۆڵی لەگەڵ سەرکردەکانی جەمعییەتی خۆیبوون هەبووە و ئاگاداری وردەکاری چالاکییەکانیان بووە. سەردانی کردنی بەیرووت و دیمەشق هاوکات بووە لەگەڵ گەرمەی چالاکییەکانی جەمعییەتی خۆیبوون. لەو ماوەیەدا جەمعییەتەکە فیداییەکانی کوردی ناردووتەوە بۆ ناوخۆی کوردستان و تورکیا. هەر لەبەر ئەوە بووە سیخوڕەکانی هەواڵگری تورکیا پێیان وابووە ئەوانە دەگەڕێنەوە، بۆ جێ بەجێ کردنی پلانەکەی مستەفا پاشا و دەست دەکەن بە تیرۆر کردنی سەرکردەکانی تورک.

سەبارەت بە باری تەندروستیی مستەفا پاشا راپۆرتی سیخوڕەکەی هەواڵگری تورکیا زانیاری وردی تێدایە و نووسیویەتی: "دوای سێ مانگ لە وەرگرتنی چارەسەر لە بەیرووت، بۆ هەمان مەبەست چووە بۆ دیمەشق. هەر وەها بەپێی زانیاریەکانی باڵیۆزی تورکیا لە بەغدا، مستەفا پاشا بە تەنیا مانگێك لە دیمەشق ماوە و دواتر گەڕاوەتەوە سلێمانی"


ڕۆژ لە دوای ڕۆژ، ئەنقەرە چاودێرییەکانی لەسەر کار و چالاکیەکانی مستەفا پاشا زیاتر کردووە. ویستوویانە بزانن ئاخۆ هیچ گۆڕانکارییەك لە بۆچوونەکانی ئەو لە دژی تورکیا روویداوە یان نا. دوای گەڕانەوەی بۆ سلێمانی، باڵوێزخانەی تورکیا لە بەغدا بە بەردەوامی راپۆرتی لەسەر مستەفا پاشا بۆ ئەنقەرە بەرز کردووەتەوە. لە بەڵگەنامەیەکی هەواڵگیریدا کە ساڵی ١٩٣٢ نووسراوە، تێیدا ئەم زانیارییانەی بەرزکردووتەوە: "نەمرووود مستەفا پاشا خائینە و شیاوی لێبوردن نییە و ئێستا لە عێراق لە شاری سلێمانی نیشتەجیە". ٢٦ی شوباتی ١٩٣٣ لە راپۆرتێکی دیکەدا هاتووە: "هیچ گۆڕانکارییەك لە بۆچوونەکانیدا رووی نەداوە. هەر چەندە بۆچوونەکانی لە بارەی تورکیا وەك خۆی ماون، بەڵام دۆخی تەندروستیی ڕۆژ بە ڕۆژ خراپتر دەبێت و هێزی نەماوە، بۆ ئەوەی بە چالاکییەکانی دژایەتی تورکیا بکات".

هەر لەو راپۆرتەدا باڵیۆزخانەی تورکیا لە بەغدا لە وەڵامی پرسیارێکدا لە بارەی تەندروستی مستەفا پاشا نووسیویەتی: "ناوبراو هەر چەندە بەردەوامە لەسەر دژایەتی کردنمان، بەڵام لەبەر تێکچوونی باری تەندروستیی لە ناو هیچ رێکخراوێکدا کار ناکات".

ئەگەرچی تێکچوونی باری تەندروستیش نەیتوانییوە کوردایەتی لە بیری مستەفا پاشا بەرێتەوە، بەڵام قورس بوونی نەخۆشییەکەی و تووش بوونی بە نەخۆشی ئیفلیجی لە پەلوپۆی خستووە، تا ١٩٣٦/١/٢٥ لە تەمەنی ٧٠ ساڵیدا لە گەڕەکی (عیوازییە)ی بەغداد کۆچی دوایی کرد، لەسەر داخوازی خۆی تەرمەکەی هێنرایەوە بۆ سلێمانی و بە رێوڕەسمێکی گەورەی سەربازی کە قونسوڵی ئێرانیش تێدا بەشداری کرد لە (گردی سەیوان) بەخاک سپێردرا. لە دیدارێکدا نیسانی ٢٠١٥ ڕۆژنامەنووس جەمال لۆلۆ لەگەڵ جەمیلە خانی کچی محەمەد ئەمین یامۆلکی (١٩٢٥- ...) خوشکەزای مستەفا پاشا باسی لە ڕۆژانی کۆتایی ژیانی یامۆلکی کردووەو وتوویە: "من لە پۆلی دووەمی سەرەتایی بووم، کاتێک مستەفا پاشا وەفاتی کرد، بەر لەوە چوار ساڵ بەهۆی نەخۆشیی شەلەلەوە لە جێگە کەوتبوو، کاتێک تەرمەکەیان لە بەغداوە هێنایەوە بۆ سلێمانی، بە ڕێ و ڕەسمێکی گەورەی سەربازی بەرەو گردی سەیوان بەڕێ خرا. لە کاتی ناشتنیدا ٢١ تۆپ تەقێنرا".

مەلاکان ئامادەنەبوون نوێژی لەسەر بکەن

یامۆلکی، بۆ مردنەکەشی شێوازێکی کوردانەی هەڵبژارد و ڕێگەی نەدا بە عەرەبی تەڵقین بکرێت و لەسەر وەسیەتی خۆی دوا تەلقینی بە کوردی بوو، بەڵام مەلاکانی سلێمانی کە رقێکی زۆریان لێی بووە، ئامادە نەبوون بە کوردی تەڵقینی لەسەر بخوێنن. تەنانەت نوێژیان لەسەر جەنازەکەی نەکردووە. پرۆفیسۆر عیزەدین مستەفا رەسووڵ لە زاری باوکیەوە لەسەر ئەو رووداوە و هێنانەوەی تەرمەکەی بۆ سلێمانی و دژایەتی کردنی لە لایەن مەلاکانەوە دەڵێت: "باوکم بۆی باس کردم کە لە کاتی هێنانەوەی تەرمەکەی حاجی مستەفا پاشادا بۆ سلێمانی، زۆربەی مەلاکان ئامادە نەبوون نوێژی مردووی لەسەر بکەن،




چونکە بە کافریان دەزانی، بەڵام مامۆستا شێخ محەمەدی خاڵ نوێژی لەسەر کردووە و تەلقینەکەشی بە کوردی خوێندووەتەوە".

ئەم دێڕە شیعرەش کە لە ئەسڵدا هی شاعیری تورک 'نامیق کەماڵ'ە و خۆی وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی لەسەر گۆڕەکەی نووسراوە:

ئــەترسم ئــەی وەتــەن بمرم، نەبینم بەختیاریـی تـۆ
بنوسن با لەسەر قەبرم، وەتەن غەمگین و من غەمگین

داڕشتن و گرافیك : ئامانج مەسرەف

**سەرچاوە: مستەفا پاشا یامۆڵکی پۆترێتی خەباتکارێکی کورد/ مەجید ساڵح / چاپی دووەم سلێمانی 2019**


# نمونە بۆ پەند و عیبرەت

## داوەری و حیکمەتی پاشا سلێمان (koning Salomo)

دوو ژن چوونە لای پادشای جولەکە حەزرەتی سلێمان تا داوەرییان بکات و ئەو کێشە جدییەیان بۆ یەکلا بکاتەوە کە لەسەری ناکۆن. هەردوو ژنەکە کە لەماڵیکدا ژیاون لە یەک کاتدا منالًیان بووە، یەکێکیان بەبێ ئێرادەی خۆی لە خەودا منالەکەی خنکاند. کاتێ خەبری بووە و بەمەی زانی منالە مردووەکەی خۆی لەگەڵ منالە زیندووەکەی ژنەکەی تر ئاڵوگۆڕکرد. هەردووکیان لەسەر منالە زیندووەکە شەڕیان بوو. چوون بۆلای سلێمان داوەرییان بکات، حەزرەتی سلێمان هیچ بەڵگەیەکی لانەبوو، زانستیش وەک ئەمڕۆ نەبوو تا بتوانێ دایکی بایۆلۆجی منالەکە دیاری بکات، بۆیە دەبوو حیکمەت بەکار بهێنێ. فەرمان بە یەکێ لە پاسەوانەکانی ئەدا کە قەمەیەکی گەورە بهێنێ و منالەکە لەسەرەوە بۆ خوارەوە بکات بە دوو کەرتەوە و یەکی کەرتێکیان بداتێ. یەکێکیان ڕازی بوو، ئەوی تریان هاواری کرد و پاڕایەوە کە منالەکە نەکوژێ و بیدات بە ژنەکەی تر. بۆیە پاشا سلێمان بۆی دەرکەوت کە دایکی ڕاستەقینەی منالەکە کامیانە و منالەکەی دایەوە ئەو. ئەم حوکمەی سلێمان بوو بەچەمک و هاوواتای دادپەروەری ژیرانە. لە زۆربەی هۆلی دادگاکان ئەم تابلۆیە هەڵواسرابوو. حیکمەتی سلێمان لەم داوەرییەدا ئەوەبوو کە ئامۆژگاری دادوەرەکان بکات کە حوکمێکی ژیرانە بدەن و تۆمەتباران دادپەروەرانە قەناعەت پێبکەن. ئەم تابلۆ بەناوبانگەی گاسپاردی کرایەر (Gaspar de Crayer) لە هۆلی پێشووی وانەووتنەوەکانی (Oudburg) لە خرافنستەین ی شاری خێنت (Gent) ی وڵاتی بەلچیکا وەگیراوە، کە تا کۆتایی سەدەی هەژدەهەم لەوێدا دادپەروەری تیا بەڕێوە چووە.

**ئەم چرۆکە لە کتێبی پیرۆز (Oude Testament Bijbel)) یش دا باس کراوە**

**یادنامەش بە سوپاسەوە لە خالید ڕەزای وەرگرتوە**




## وێنەیەکی دەگمەنی نوسەری بەناوبانگی #ئینگلیز و جیهان #ئاگاسا کریستی بە جلی کوردیەوە ساڵی ١٩٦٢..

ئەگاسا لە کتێبەکەیدا لە وەسفی ژنی کوردا دەڵێت .ژنی کورد بەهێزن درەوشاوە سەرنجڕاکێشن وەک پەڕەی گوڵ وان..

شایەنی باسە ئەگاسا ساڵی ١٩٦٢ لەگەڵ هاوسەرەکەی کە زانای شوێنەوارناس بوو، سەردانی عێراق و کوردستانی کردوە، چاوی بەچەندین ژنی کورد کەوتوە...

ئاگاسا کریستی..(١٨٩٠ ـ ١٩٧٦)
گەورەترین نوسەری ئینگلیزە، کە بەرهەمەکانی پڕفرۆشترینن، کە تا ئێستا ٢ ملیار دانەی لێچاپکراوە. خاوەنی خەڵاتی نۆبلە.

**ئامادەکردنی .. #سەرچڵ_یونس**



# ساڵەح نەجار ئەزموونێکی شێوەکاریی کوردییە

## ئامادەکردنی: تابلۆ

ساڵەح نەجار یەکێکە لەو ناوە شێوەکارییانەی کە لە باشوری کوردستان بە گرنگییەوە ناوی دێت و ئەزموونە جیاوازەکانی لەچوارچێوەی پیشانگەکانیدا بەردەوام جێی سەرنج و گفتووگۆی شێوەکاران و دەزگاکانی ڕاگەیاندن بووە، هەربۆیە هەر لەو سەرەتایەی کە هێڵەکانی دەکێشاو بە ڕەنگە ساردو گەرمەکان ئاشنابوو، ئەو ئەو سەرەتایەی لەسەر دەستی هونەرمەندە بە ئەزموونەکانی عیراق بووەو بۆ خۆشی سەبارەت بەو ئەزموونەی خۆی دەڵێت (هونەر پەیامێك و زمانێکی هاوبەشە... سەرەتاکانی کارکردنم لە خانەقینەوە دەستپێکرد، من بەردەوام هەستمکردووە)

سەرەتاکانی هونەرمەند لە بینی ئەو گۆڤارە وێنەدارانەوە دەستپێکردو ئارەزووی کێشانی نیگارکێشان لەلای دروست دەبێت، کە برا گەورەکەی ئەو گۆڤارانەی بۆ دەهێنایەوەو ڕەنگە جیاوازەکانی ناو نیگارەکان هۆکار بوون بۆ ئەوەی دەست بکات بە نیگارکێشان و دووبارە کێشانەوەی ئەو وێنانەی کە لەناو گۆڤارەکاندا چاپ و بڵاوکرابوونەوە، قۆناغێکی تر گەشەکردنی نیگارکێشان بۆ ئەو هاندان و بەردەوام بوونەی بۆ هونەرمەندی شێوەکار (سەباح محیدین زەهاوی) کە ئامۆزای بووە دەگەڕێتەوە کە دواتر لەدرێژەی هاندانەکانیدا هونەرمەند دەچێتە پەیمانگەی مامۆستایان بەشی پەروەردەی هونەریی و ئیتر لەوێوە هونەر دەبێتە بەشێکی گرنگی ژیانی.

ئیتر لەو قۆناغەوە ئاوێتەی شێوەکارە کوردو عیراقییەکان بووە، ئەزموونەکانیان ڕێگا ڕۆشنکەرەوەیەك بوو تا بتوانێت داهاتوویەك و تایبەتمەندییەك بۆ خۆی بنیاد بنێت، هەروەها بەردەوام لەناو هۆڵی پیشانگەکانی ناو بەغدا ئاشنابوونێکی بۆ دروستکرد کە پێشتر نەیبینی بوو، دواتر کە یەکەم پیشانگەی تایبەتی لەناو شاری خانەقین و دواتریش شاری بەغدا دەکاتەوەو لەناو دەفتەری پیشانگەکەدا مامۆستاو هاندەرەکەی شێوەکار (سەباح محیدین زهاوی) دەنووسێت (ساڵەح قۆناغی ترسی تێپەڕاندو لە پایتەختدا پیشانگەی تایبەتی کردەوە)، بوونی ئەو ئامادەکاریانە هۆکاربوون بۆ ئەوەی لە ساڵی 1992دا ببێتە ئەندامی کۆمەڵەی شێوەکارانی عێراق و دواتریش ئەندامی نەقابەی هونەرمەندانی عێراقی کە بوونی وەکو بەشدارییەکی بە ئەزموون لەناو پیشانگە هاوبەشەکانی ناو ڤیستیڤاڵەکانی واستی و بابل درەوشانەوەی پێ دەبەخشی

هونەرمەند لە دیدارێکیدا لەگەڵ ڕۆژنامەی (المدی)دا دەڵێت (ئەزموونی من تەواوکەری ئەزموونی شێوەکارەکانی ترە، وەکو ئیسماعیل خەیات، بورهان سابیر، هەروەها کاریگەرییەکانی شەڕو ئەو کاولکاریانەی کە بەرهەمی هێناوە لەناو تابلۆکانمدا بەدی دەکەیت، لەڕێگای هێڵ و ڕەنگەکانەوە، ڕەنگە غەمبارەکان و ئازارەکان یەکێکن لە سیماکانی ناو تابلۆکانم، ئەو سیمایانەی کە بە ماندوێتی و ژیانێکی پڕ لە کێشەی تێیدا بەسەربردووە، بەتایبەت لەناو میللەتەکەم کە گۆڕی بەکۆمەڵیان لێ دروستکردوون، هەڵمەتەکانی ئەنفال، هەروەها گەلی عیراقیش بەهەمان مەینەتیدا تێپەڕیوون

بوونی کەسایەتی ژن لەناو تابلۆکانی (ساڵەح نەجار) بەردەوامییەکی هەمیشەییە، هەربۆیە دەڵێت (ژن بەشێکی سەرەکی ناو تابلۆکانمە، لەهەموو قۆناغەکانی تەمەنی هونەریمدا هەر تابلۆیەك کە کێشاومە بەپێی بابەتەکان نیوەیان ژن بوون، یان ژن خاوەنی بیرۆکەی کێشانی تابلۆکە بووە)، هونەرمەند سەبارەت بە چۆنێتی کاری هونەری لەو بڕوایەدا بووە کە هەموو کارێك ئەگەر تابلۆیە، یان پەیکەر، یان سیرامیك، پەیوەستە بەچەند بنەمایەکەوە لەوانە ماتریاڵ، هێڵکاری، ڕەنگ و ..هتد کە هۆکارێکە بۆ دەربڕینی ناخی هونەرمەندەکە ئەگەر ڕێبازێك بووبێتە هۆکاری ئەو دەربڕینە، هەربۆیە نیگارکێشان زمانێکی پەیوەندییە لە نێوان ئینسانەکان هەر لەسەردەمی ئەشکەوتەکانەوە تا ئەم سەردەمە کە ناوی لێنراوە سەردەمی شارستانییەت، هەمووشمان ئەوە بەدی دەکەین لە کاریگەری هونەر لەسەر ئینسانییەت چەندە گەورەیە،



ئەگەر بڕوانینە کەنیسەو مزگەوتەکان لەسەر شێوەی زەخرەفەو خۆشنووسی ، هەربۆیە ناتوانین بڵێن هونەر پردی پەیوەندی مرۆڤەکان نییە، لەگەڵ ئەوەی بیرووباوەڕەکانیش جیاوازبن، هەربۆیە هونەر ئەو زمانە زیندووە دەمێنێتەوە کە دەتوانێت هەموو مرۆڤایەتی کۆبکاتەوە.

بیۆگرافی ساڵەح نەجار

- لە خانەقین لەدایکبووە 1968.

- 1980 یەکەم پیشانگەی تایبەتی لە هۆڵی کتێبخانەی گشتی خانەقین.

- 1991 دووەمین پیشانگەی تایبەتی هۆڵی التحریر.

- 1997 پیشانگەی سێیەمی تایبەت لە هۆڵی سەنتەری ڕۆشنبیریی عمان.

- 2006 چوارەمین پیشانگەی تایبەتی لە هۆڵی لاوان- خانەقین.

- 2010 پێنجەمین پیشانگەی تایبەتی لەهۆڵی مۆزەخانەی سلێمانی.

- 2010 شەشەمین پیشانگەی تایبەتی لە قشڵەی کەرکوك.

- 2012 حەوتەمین یشانگەی تایبەتی لە سەنتەری ڕۆشنبیریی سەلام لە خانەقین.

- 2015 هەشتەکین پیشانگەی تایبەتی لە خانەقین.

- چەندین خەڵاتی ڕێزلێنانی لە ناوەوەو دەرەوەی کوردستان پێ بەخشراوە



Salih Alnajar Bağdad 1 Kelimat Sanat Galerisi



Kağıt üzerine karışık teknik 35X30

Mixed media on paper 35X30

Salih Alnajar Bağdad 1 Kelimat Sanat Galerisi



Kağıt üzerine karışık teknik 27X29

Mixed media on paper 27X29



Salih Alnajar Bağdad 1 Kelimat Sanat Galerisi



Kağıt üzerine karışık teknik 28X28

Mixed media on paper 28X28




Salih Alnajar Bağdad 1 Kelimat Sanat Galerisi



Tuval üzerine karışık teknik 140X140

Mixed media on canvas 140X140

Salih Alnajar Bağdad 1 Kelimat Sanat Galerisi



Tuval üzerine karışık teknik 140X140

Mixed media on canvas 140X140

Salih Alnajar Bağdad 1 Kelimat Sanat Galerisi



Tuval üzerine karışık teknik 100X100

Mixed media on canvas 100X100


Salih Alnajar Bağdad 1 Kelimat Sanat Galerisi



Tuval üzerine karışık teknik 140X140

Mixed media on canvas 140X140





# بیرەوەری


## کاک عبدولا با بیخەینە بەیانی..

کۆتایی ساڵی ۱۹۸٦ بوو، لە شاناخسێ بووین بروسکەمان بۆ هات برۆیین بۆ ئاسۆس ، ئەو وەختە ئەگەرچی لێپرسراوی ڕێکخستنی تیپی ۳۷ شارباژێر بووم ئەرکی فەرماندەیی تیپەکەم لە ئەستۆ بوو،بەڵێ بەرێکەوتین پاش ١٥ سەعات ڕێپێوان هێشتا تاریک بوو گەیشتینە دوڵی بێترخە تینوو برسی شەکەت و هیلاک کە گەیشتینە بێ ترخە ئەوەندە تینوو بوین گۆمە ئاوێکمان دۆزییەوە وەکو ئاژەل بینمان گرت لە ئاو خواردنەوە کاتێ دونیا ڕووناک بووەوە بۆمان دەرکەوت چیمان خواردۆتەوە ؟ گۆمێکی وەستاو پر لە قەوزەو کرم و بۆق، دیار بوو قەوزەکەش برسێتی شکاندبوین.

لە گەڵ ئێمەدا تیپەکانی چەکوچ و جوتیارانیش گەیشتبوون، دوای پشوودان پاش نیوەرۆ بوو کاک عەبدلا ووسو هات و نامەیەکی کاک مولازم عومەری دامێ، دەقی نامەکە دەلێ هێزەکەتان بکەن بە دوو بەش ، بە نۆرە بچن ئەو هێزەی پشتی گەلالە بگۆرن ، ووتم کاک عەبدولا ئێستا درەنگە بۆ گۆرینیان چونکە تا دەگەینە سەنگەرەکانیان دەبێتە شەو باشتر وایە بە ڕووناکی سەنگەرەکانیان لێ وەرگرین تابزانین سەنگەرەکانی دوژمن لە کوێن، کاک عەبدولا ووتی پێشمەرگەکان زۆر هیلاکن ئەگەر ئەمشەو نەیان گۆرین کار لە کار دەترازێ، ووتم هەرچەند من بە دروستی نازانم بەلام فەرمووو ئێمە وەک تیپی ۳۷ پێشمان کەوە با دوایی هەردوو تیپەکەی تر بەدلمان کەن..

بەڵێ بەرێ کەوتین ، سەرکەوتین بەرەو لوتکەی ئاسۆس دونیا تاریک بوو کەتێکمان زانی دەنگیان داین وامان زانی پێشمەرگەکانی کەچی جاش بوون ، دیار بوو ئەو وەختەی کاک عەبدولا هاتبوە خوارێ ئەو شوێنە دوژمنی لێ نەبوو دواتر ئەوێیان گرتبوو ، نەخێر کەوتینە بەر هێرش، هەر هێستر بوو بە بارە چەک و تەقەمەنی دەپێکراو گل دەبووەوە ، نەختێک گەراینە دواوەو چوینە سەر قوتەیەکی تر هێرشمان بۆ کردن سەنگەرێکمان پاک کردەوەو لە پشتەوە هێرشمان کردە سەر هێزەکەی دوژمن کە لە پێشەرەویدا بوو بۆ سەر سەنگەرکانی هێزەکانی کە دەمانەویست بیانگۆرین، لەو هێرشەدا بریندار بووم بە کاکە حەمەی حاجی سەعیم وت من بریندارم خۆت سەرپەرستی هێزەکە بکە. کاک عەبدولا جوامێرانە ووتی خەمت نەبێ هەرچەند دەبوایە بە قسەی تۆمان بکردایە بەلام هاتنەکەمان بوە هۆی پارێزگاری لە سەنگەری پێشمەرگە ماندبوەکان ، ماجەرای پاش ئەو نەبەردە کە بەخوێنی قارەمانترین پێشمەرگەی تیپی ۳۷ نوسراوەتەوە لە تۆمارێکی تردا بەیانی دەکەم، هەزاران سلاو لە روحی پاکی کاک عەبدولا، شەهیدەکانی تیپی ۳۷ قارەمان ..

**بەکر فەتاح**




# خوایە وەتەن ئاواکەیت!

کوردستانی جنوبی هەر هێندەی شارەدێیەکی چین یان هیندستان دەبێت و ژمارەی دانیشتوانەکەشی هەر هێندەی ژمارەی ئەو کرێکارانە دەبن، کە هەموو بەیانییەک بۆ کارکردن دەچنە تاران و ئێواران دەرۆنەوە.. بەڵام خاکە بە پیتەکەی و سامانە سروشتی و سروشتە دڵگیرەکەی شتێکی کەمتر نیە لە جوانیەکانی وڵاتانی تری دونیا..

ئەی بۆ حاڵی بەم جۆرەیە؟

لێرەدا هیچ لەو قەوانە سیاسیە کۆنە لێنادەینەوە، کە وڵاتانی داگیرکەر و ئیمپریالیزم و چوار پێنج پارچەکە، و جینۆساید و پەلاماری دوژمن و کرین و فرۆشتنمان لەلایەن زلهێزەکانەوە هۆکارن، بۆ نەهامەتیەکان...

بەشێکی ئەوانە راستن، بەڵام ئەی کوردەکە خۆی چی؟ دەستەبژێرە سیاسییەکەی کە بەحساب خۆیان بە باوکی میللەت ئەزانن چی؟

راستیەکەی، بەشێکی گەورەی مەسەلەکە پەیوەست بەنەبوونی رۆئیایەکی سیاسیانەی شەریف و نیشتمانییەوە هەیە.

ئاخر ئەم چوار پێنج شارە چیە نەتوانیت باش ئیدارەی بدەیت! دروستکردنی ئەو هەموو کەلێن و برینەی لە نێوان خەڵکی ئەمشارانەدا هەیە ئیشی ئەم نوخبە سیاسیەیە بەوەی پێی دەڵێن دەسەڵات و بەوەی پێشی ئەڵێن موعارەزە و بەوانەی خۆیان بە ئەهلی ئیمان ئەزانن و بە بێ ئیمان و چەپ و راستەوە...

ئیشی ئەو نوخبە سیاسیە تەنها گێلاندن و دووکەرتکردنی خەڵکە. کاریان بە شوێنێک گەیاندوە ئەم کوردە نەگبەتەی سەدان ساڵە خەون بە یەکگرتووییەوە ئەبینێت، ئێستا گۆشتا خۆر و گیایی خۆرەکانیشی بە خوێنی سەری یەکتر تینون، نەک یەکێتی و پارتیەکانی، نەک هەولێری و سلێمانیەکانی..

راستیەکەی ئاشی ئەو نوخبە سیاسیە هەر بەو برین و کەلێنانە ئەگەرێت، کە رۆژ بە رۆژ دەیخەنە جەستەی ئەو وەتەنەی کە قەت خوا ئاوای نەکرد...

رۆژێک ئەم کەشتی نوحە لە ناوەراستی زەریادا و لەناو تۆفانێکا نغرۆ دەبێت، ئینجا ئەوکات فیل و پڵنگ و گا هارەکان، پێش قالونچە و پشیلە و خاڵخاڵۆکەکان

دەخنکێن...

جگە لەیەکتر قبوڵکردن و یەکتر خۆشویستن هیچ رێگایەکی نەجات نیە..

**هەوراز محمد**



# بەسەرکردنەوەی شەهیدان


ڕووسوورەکانی مێژوو ،کڵاوڕۆژنەی نیشتیمان
نەمر گەشمردە عەزیزی حاجی جەلالی کەناروێ ،ناسراو بە عەزیز کەناروێی
باڵایەکی مام ناوەندی تۆکمە چاوەکانی ڕەش و توکن ،برۆکانی ئەتگوت جوتێ ریشۆڵەی سەر دارتێلەکانی کەناروێن بۆ ناو باخەکانی دوور ئەڕوانن ،کاکۆڵی ئاڵۆسکاو ،هەستی هەمیشە ئەتگوت تفەنگەکەی شانێتی لەسەر پێو ئامادە ،پێدەچوو خوا بۆ پێشمەرگایەتی خولقاندبی ،کە لەسەنگەرەێکدا دا دەنرا بیری ئەچوو هەستێت سەنگەرەکە برۆیشتایە ئەم نەدەرۆیشت،جارێک هێرش بوو بۆ قوتەی وەراز لەکارێزەوە ئەمان کەرتی یەکی تیپی ٣٧ بەشاخەکەوە بوون ،عەزیز وەک زۆر جار بی کەی سیەکەی پێبوو .

لەشکرێکی زۆر لە سەربازو جاش و تۆپ بارانی بەردەوام و هەمیشە چەندین کۆپتەر بەئاسمانی ناوچەکەوە بۆ پاڵپشتی هێزەکەو بۆردومان کردن ،هێرش لەدوای هێرش هێزەکەی دوژمن دەشکا ،ئێمە لەگاپیلۆن بوین دوور بەدوور لەشەرەکەمان ئەڕوانی ،بی کەی سی یەک بە کێوی وەرازەوە لەو ئاگر بارانەدا بەبەردەوام تەپڵی لێدەدا بەتەپڵ تەقەی ئەکرد زۆر بێ باک بوو ،کابرایەکی شۆفێر لەلامانەوە وەستا تۆیۆتایەکی پێبوو لەکارێزەوە هاتبوو ،هەڵیدایێ ووتی بەشەرەفم بەگوێی خۆم گوێم لێبووە یەکێ لەسەرۆک جاشەکان لەکارێزە وتویەتی بەقوربانی ئەو دەست و پەنجەو پەلەپیتکەیت بم کاکی بی کەسی بەدەست ئەزانم تەقە لەخۆم ئەکەی بەس بەو خوایە ڕێم شک ببردایە ئێستا سندوقێ فیشەکم بۆ ئەهێناێ ،ئەو کاکی بی کەی سی بەدەستە کاکە عەزیز بوو.

کاکە عەزیز لەساڵی ١٩٦٤ لەکەناروێ لەدایک بووە ،دوایی دەستی ڕەنجی ناو ڕەزو باخەکانی کەناروێ بووە هەناسەی هەمیشە بۆنی عەترو گوڵاوی لێئەهات ، ئارەزوەکانی وەکو کەنێرەی بناری گمۆ هەڵئەچون ،ڕۆحی بەبەفراو ڕنووە بەفر ئاشنا بوو .

کاکە عەزیز چونکە دێکەیان ڕێی پێشمەرگە بووەو چەندین شێرەپیاوی وەکو شەهید محەمەدو نەمر کاکە تالیب و کاروان و نەریمان ،،، هتد تیابووەو قەد ڕێگای ڕێبوارانی ڕێگای خۆری خاڵی نەبووە ،ئەمیش بەورێکی بەهەڵمەتی ئەو ڕێگەیە بووە

هەر لەسەرەتایی هەشتاکان پەیوەندی هەبووە بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەو یەکێتی دوایش هەر زوو پەیوەندی کردووە بە هێزەکانی پێشمەرگەوەو لەساڵی ١٩٨٣،سەرەتا لەتیپی ٣١ بەرزنجە و لەکەرتی ٣ سێ و دوایش لەکەرتی یەکی تیپی ٣٧ ی شارباژێر بووە بە پێشمەرگەو بی کەی سی یە دەنگ خۆشەکەی کەرتی یەک لەناوچەکانی شارباژێری سەخت و تەخت و ناوچەی ئالان و سیوەیل پێشمەرگە بووە ،لەزۆری شەڕە گەورەکانی ئەو ناوچەیەدا شوێن دەستی دیار بووە ، لەبەندەنی واژەو شاخی کەتو سەرکەندو برزو بالۆسەو وەرازو کورەداوێ و کونجرین و کەنارێ و چوارتاو ...هتد دەوری قارەمانانەی بینیووە ، تا کۆتا جار لەڕێکەوتی ١٩٨٧/٠٤/٢٦ ڕۆژێک لەگەڵ نەمر جەلال شارەزووری دەچن بۆ کارێک لەشانەخسی ویستبویان ماڵەکەی جەلال بگوێزنەوە کە لەبەر هێرشی فرۆکەو تۆپ باران و کیمیاوی باری ناوچەکە تێکچوبو زۆری پێشمەرگە خێزان دارەکان هاوسەرەکانیان لەوێ نەمابو ،چونکە ناوچەکە ببووە مەیدانی جەنگی ئێران و عێراق بێ سەرو بەرەیی ئەمانیش لەسەر ڕێ دەبن فرۆکە جەنگی یەکان بۆمبارانی شانەخسێ و مەروێیان کردووە زۆر بەداخەوە هەریەک لەکاکە عەزیزو کاکە جەلال گەشمردە بوون یادو یادەوەری یان بەخێر رەوانیان شاد/ڕزگارەسوور





## سواڵکەر

دایکم دەیگووت
ئەو کاتانەی کە منالێ بووی
هەرچی کاتێ
مناڵێکی جل پینەکراو
پیرەمێردێکی کۆڵێ لەپشت
پیرەژنێکی بەرگ دڕاو
بۆ لەتێ نان
بۆ ئاسۆیەک خۆری شادی بدا بە ژیان
لە دەرگای ماڵمانیان دەدا
تۆ دەترسایت و دەستبەجێ
دەرگاکەشت لە روویاندا پێوەدەدا
ئەوا ئەمڕۆش کە گەورە بووم
من بوومەتە سواڵکەری دەرگای دڵەکەت
لەبری خۆر لەبری نان
خۆشەویستی تۆم پێویستە
هەوێنی ژیان
دەتخوا تۆش بە کۆرپەی چاو و دڵت بڵێ
ئەگەر بێ و رۆژی چەند جارێ
پەنجەکانم لە دەرگای دڵەکەت بدا
کۆرپەکانی لێم زیز نەبێ و
دەرگاکەش لە رووم دانەخا.

کەژاڵ ئیبراهیم خدر



# قەیرانی هزری سیاسی لە هەرێمی کوردستان

د. کامەران مەنتك

2022\6\25

ڕەنگ بێت زیادەڕۆیی نەبێت، ئەگەر بڵێین گەورەترین وترسناکترین قەیران، لە هەرێم قەیرانی هزری سیاسیە، کە ئەمە بۆتە ئەوەی هیچ دیدگاو بۆچوونێکی روون بەرامبەر ڕووداوەکان نەبێت وگەڕەلاوژەیەکی وا بێنێتە ئاراوە، هەر کەس لە ئاشێکەوە لێبکات وکەس گوێ لەکەس نەگیرێت!.

کاتێك مرۆڤێك بتوانێت وەکو چەپێك، وەکو ئیسلامیەك، وەکو لیبراڵێك، بیر بکاتەوە، بانگەشە بۆ ئێراقچیەتی، تورکچیەتی، ئێرانچیەتی بکات، بەبێئەوەی شوێنێك بۆ پێگەی خۆی نەتەوەکەی لەو گۆڕەپانە بهێڵێتەوە و دیار بکات، ئەمە بەکورتی واتای ئەوەیە رۆشنبیری سیاسی لەو هەرێمە لەقەیراندایە، لەمە زیاتر چی دەگەیەنێت، کە تۆ بتوانیت وەکو هەموو کەسێك وبەهەموو شێوازێکی جیاواز سەیری شتەکان بکەیت، لەکاتێکدا خۆت ون بکەیت ونەتوانیت وەکو خۆت ولەچوارچێوەی بەرژەوەندیە مرۆییە نەتەوەییەکانی خۆت بیر بکەیتەوە، هونەری چی لەوەدایە بەرگری لەئێراقی بوون، تورکی بوون، ئێرانی بوون بکەیت، لەکاتێکدا پێگەو کەسایەتی خۆت لەبیر بکەیت!

ئەو گەڕەلاوژەیە هزریەی لە هەرێم لە ئارادایە، واتای ئەوەیە، رۆشنبیری کورد لە بۆشاییەکی هزریدا دەژیت، بەتایبەتیش هزری سیاسی، ئەمەش یەکێکە لەو هۆکارە گرنگانەی تا ئێستا نەیتوانیبێت لە کێشەی ولاتەکەی خۆی تێبگات وهەمیشە لە مەداری خەڵکانی تر بخولێتەوە، بەرگری لەئێراقێك بکات، کە چەند ساڵێکی کەم بەر لەئێستا کیمیابارانی کردبێت وتەنانەت ئاژەڵ وباڵندەو پەلەوەرەکانیشی ئەنفال کردبێت، ئەو زەمینەیەش نەك تاوەکو ئێستا لە ئارادایە، بگرە بەهۆی ئەو گۆڕانکاریانەی لەدوای روخانی رژێمی بەعسەوە هاتۆتە ئارا، ئەو شکستەی ناسیونالیستی توندڕەوی عەرەبی لەو قۆناغە نوێیە دووچاری هاتووە، کە زۆربەیان هۆیەکەی بۆ کورد دە گەڕێننەوە، ئەو زەمینەیەی لەبارتر کردووە ولەهەر دەرفەتێکدا ئەگەری دووبارە بوونەوەی چەندین ئەنفال وکیمیابارانی تر هەیە!.

بەشێکی چارەنووسیان داوەتە دەست تورکیا، ئێراق بە ئەنفال وکیمیابارانکردنی کورد تۆمەتبار دەکەن وبۆ هەڵوێست وەرگرتن بەرامبەر ئەو دۆخە، رزگار بوونی خۆیان، لە بەکۆیلەبوونی تورکیا دەبیننەوە، واتە هەموو چارەسەریەکەیان گۆڕینەوەی خاوەن کۆیلەیەك بەیەکێکی ترو داگیرکەرێك بەداگیرکەرێکی ترە، لەکاتێکدا تورکیا هەموو تواناکانی خستۆتە گەڕو ئابووری وڵاتەکەی خۆی دووچاری گەورەترین قەیران کردووە، بۆئەوەی بەدوای تاك بەتاکی رۆشنبیرو تێکۆشەرانی کورد بگەڕێت وتیرۆریان بکات، بەوردی ولەسەر هەموو ئاستەکاندا، پلانی سڕینەوەو لەناوبردنی کوردیان داناوە ووەك خۆیان دەڵێن لە مەریخیش کورد هەبێت ئەوان دەیکوژن!.

بەشێکی تر بەکردەیی کەوتوونەتە ژێر کاریگەری سیاسەت ورۆشنبیری سیاسی ئێران، کە ئامادەیە دەست لەگەڵ ئەو شەیتانە تێکەل بکات، کە بەردەوامی رەجمی دەکەن، بۆ ئەوەی دژی کورد بووەستێتەوە، ئەو ئێرانەی چەندین ساڵە بازرگانی بە مەسەلەی کوردەوە دەکات وکەی بیەوێت بە هەرزانترین نرخ دەیفرۆشێت، رەنگ بێت باشترین نمونەش ئەو بەناو شۆڕشە بوو، کە بە ئەیلوول ناوزەد کراوە!

بۆچی دەبێت رۆشنبیری کوردی تەنیا بیر لەوە بکاتەوە، کە چۆن دەچێتە ژێر چەتری هەژموونی وڵاتێك وداگیرکەرێك بەداگیرکەرێکی تر دەگۆڕێتەوە؟ بۆچی بیر لەوە ناکاتەوە وەك تاکێکی سەربەخۆو مرۆڤێکی ئازادو نەتەوەیەکی سەربەخۆ بیر بکاتەوە؟

بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە دەتوانین ئاماژە بۆ راستیەکی تاڵ بکەین، ئەویش ئەوەیە، کە تاوەکو ئێستا رۆشنبیری کوردی، نەیتوانیوە خۆی لە چوارچێوەی مشەخۆری وکاوێژکردن لەسەر بیرکردنەوەی خەڵکی تر دەرباز بکات وبەسەربەخۆیی ووەك خۆی، کە خاوەنی دۆزێکی رەوایە بیر لەمەسەلەی نیشتیمانەکەی بکاتەوە، رۆشنبیری کورد تاوەکو ئێستا بوونەوەرێکی هەلپەرستەو تەوەزلانە لەسەر فرۆشتنی وشەکانی خۆی دەژیت، هێندەی کار بۆ نواندن وخۆدەرخستن تێرکردنی بەرژەوەندیەکانی خۆی دەکات، هێندە درك بە بەرپرسیاریەتیە مێژووییەکانی خۆی ناکات، لەبەرئەوەی ئەویش لەبنەڕەتدا لەسەر کەلتوورێك گۆش کراوە، کە نەیتوانیوە ئەرك وبەرپرساریەتیەکانی بەوردی دیاریبکات، لەسەر کەلتوورێکی سیاسی گۆش کراوە، کە لەبنەڕەتدا لەژێر کاریگەری هزری سیاسی کەسانی ترەوە ئاڕاستە کراوە وەك شەرێکی رۆشنبیری دژی ئەو کۆمەڵگایە بەکارهاتووە، خولانەوە لەچوارچێوەی ئەو بیرکردنەوەیە، واتە خولانەوە لەنیوبازنەیەکی بۆش،



خولانەوەش لە بازنەی بۆش هەمیشە گەیاندویەتیە هەمان ئەنجام، لەشکستێکەوە بۆ شکستێکی تر وهەموو جاریکیش شکستەکانی وەك مێژوویێکی پرشنگدار تۆمار کردووە، وڵات فرۆش وبازرگانانی مەسەلە نیستمانیەکانیشی وەك قارەمان وپاڵەوانی کاریزمی وێناو وەسف کردووەو لەنێو لاپەڕە رووزەردەکاندا وەك مێژوویێکی قێزەونی پیرۆزکراو تۆماری کردووە! جا مێژوویێکی لەو شێوەیەك چۆن دەتوانێت ببێتە بنەمایە بۆ بەرهەمهێنانی کەسایەتیەك، کە لەئەرك وبەرپرسیاریەتی قۆناغەکەی خۆی تێبگات، چۆن دەتوانێت هزرێکی وا سیاسی بەرهەم بێنێت، کە زادەی بەرژەوەندیەکانی نەتەوەکەی خۆی بێت ولەروانگەیەکی جیۆستراتیژی فراوانەوە تویژینەوە لەسەر قەیرانە ئاڵۆزەکانی خۆی بکات!؟

# مەلەک تاوس

مەلەک تاوس: ناوی گەورە فریشتە، یان خودای هەرە پایە بڵندە لە باوەڕی ئێزدیاندا. ناوەکە لێکدراوە. لە لێکدانی هەردوو مەلەک+تاوس. پێکهاتووە.


وشەی مەلەک، دەگەڕێتەوە سەر وشەی فەینیکی molek، مۆلێک بە واتای مەزن. پاشا. لە زمانی سریانیی malakho، مەلاکهۆ، بە واتای نێردراو. لە ڕەگی کرداری leque، لێقوێ بە واتای ناردن.

تاوس، هیچ پەیوەندیەکی بە باڵندەی تاوسەوە نیە، کە هەرگیز لەو ژینگەیە دا نەبوون، کە ئێزدیانی تێدا ژیاون. تاوس بارێکی گۆڕاوی ناوی زۆر کۆنی خودا بووە، لە زمانە هیندۆرۆپییەکان. تاوس، کە لە زمانی ئێستای کوردیی، بە دێو ماوەتەوە، بە کۆنترین ناوی خوداوەند لە زمانی پرۆتۆهیندۆروپیی دادەندرێت.

ناوی دێو لە زمانی هاوبەشی PIE دا بە شێوەی -deiwo، دێیوۆ- بووە. لە باری ناوی کارادا. لە کاتی بانگ کردن و هانا بۆ بردندا، ناوەکە بە شێوەی -deiwos، دێیوۆس- گۆ کراوە. بە هاتنی ئایینە ئێرانییەکانی وەک زەرڤانیی، میترایی و ئاڤێستایی، دێو لە پێگە خوداییەکەی کەوتووە. لە ئاڤێستایی، ڕێک پێچەوانە کراوەتەوە و بۆتە ئەهریمەن. ڕەنگە لە بنەڕەتدا، هەر ئەمەش بووبێت، کە زۆرینەی زەردەشتیی و دواتر زۆرینەی خەڵکی کوردستان، ئێزدیەکانیان بە دێو، ئەهریمەن، یان شەیتان پەرست ناو بردبێت. دەبینین کە لە ئاڤێستایی daeva، دەیێڤە لە باری نێریی، واتا خودای درۆزنە. هەروەک daevi، دەیێڤی هەمان شت لە باری مێیی. لە زمانی سانسکریتییدا devi، دێڤی هاتووە. ناوەکە بە لاتینیی کۆن بۆتە dea، دێیە. لە پارتیی پێیگوتراوە dyw، دیو، هەروەها dew، دێو. لە سکایی dyu، دیو واتا ئەهریمەنیی. لە سوغدیی dyw، دیو، هەروەها dyw,,k، دییوک واتا ئاسمانیی.

وشەی -deiwos، دێیوۆس لە زۆرێک لە زمانە هاوچەرخەکانی هیندۆروپییش بە پارێزراوی ماوەتەوە. بە هەمان شێوەی زمانە کلاسیکییە مردووەکانی هیندۆروپیی. لەو زمانانەدا، دێو هێشتا بە واتای هەرە کۆنی خۆی (خودا) بەکار دێت. لە لاتینییدا وشەکە بە deus، دێوس هاتووە، هەر بە واتای (خودا)، هەروەک وەک ناوێکی گشتیشە بۆ خودا. لە زمانی فەرەنسیی، خودا بۆتە dieu، دیێو. لە هەردوو زمانەکانی گالیی و پورتوگالیی بە خودا دەگوترێت deus، دێوس. لە زمانی ئیتاڵی خودا پێی دەگوترێت dio، دیۆ. بە ئیسپانیی dios، دیۆس. لە ئیرلەندیی وشەی خودا بۆتە dia، دیە. بە زمانی کەتەلانیی ناوی خودا بریتیە لە deu، دێو. بە لێتیی خودا بۆتە dievs، دییڤس. لە لیتاویی خودا پێی دەگوترێت dievas، دییڤەس. لە زمانی کیمیریی وێلزییش، بە خودا دەگوترێت duw، دو،وو. شێوە هیتییەکەی ناوەکە، بریتی بوو لە sius، سیوس. ڕەگی ناوەکە بریتی لە -siu، سیو- کە لە ناوی بەربڵاوی پەرستگاکانی لە کوردستان، لە ژێر ناوی (زێوە) دەیناسینەوە. ناوی دێو، یان دێوس، یان "سیوس"، کە لە بنەڕەتدا واتای ئاسمانی گەیاندووە، کە شوێنی خوداوەندەکانە، لای گریکەکان بۆتە (زێوس).

بەمجۆرە مەلەک تاوس، دەبێتە تاوسی پاشا، یان تاوسی مەزن. تاوس بۆخۆیشی، لە بنەڕەتدا هەمان دێوس بووە، کە دەکاتە ئاسمان، یان خودای لە ئاسمان. دیاردەی نەمری و ئاسمانی بوونی خوداکان و مردن و زەمینی بوونی مرۆڤ، نزیکەی لە تێکڕای ئایینەکان دا دەردەکەوێت. دوای نەمانی پەرستنی دێو لە کوردستان و هاوکات بەهۆی گۆڕانی زمان و تێنەگەیشتنی واتای بنەڕەتی ناوەکە. هەروەک لێکچوونیشی لەگەڵ ناوی تاوس، ئاسانترین لێکدانەوە بۆ ناوەکە، هەر ئەوە بووە کە لە باڵندەی تاوسەوە هاتووە. ناوی باڵندەکە کوردیی نیە و بۆ سەر زمانی سانسکریتیی-هیندیی دەگەڕێتەوە، هەرچەندە باڵندەکە، گەر لە کوردستان هەشبووبێت، ئەوا بە دەگمەن و لە قەفەس دا بووە، بەڵام هەمان واتای بۆ داتاشراوە و باڵندەکەش لە سریمۆنیا ئاییینییەکانی ئێزدیان، پیرۆز کراوە.



ماموستا توفیق وەهبی، زۆر پێش من، هەمان بۆچوونی هەبووە و لای وا بووە کە تاوس، دەگەڕێتەوە سەر (دیاوس) کە لای نەتەوە سروشت پەرستەکان، خوداوەندی ئاسمان بووە، بەبێ ئەوەی لێکدانەوەی ئێتیمۆلۆژی بۆ بۆچوونەکەی خۆی کردبێت. ئەو لەمبارەیەوە دەنوسێت: (تاووسی مەلەک، بە گوێرەی بیروڕای یەزیدی، یان لە خوای گەورە و تواناوە پەیدا بووبێ، واتا لە تیشکی "ئەو" پەیدا بووبێ. ئەوەی هەروەکو نوێنەرێکی لێپرسراوی خۆی ناردراوە، لەجیاتی، بۆ پارێزگاری گشت جیهان. واتا هەموو "بوون"! هەر لە "ئەم" یەک لە دوای یەکی تری، شەش خوداوەندەکەی تری لێ پەیدا بووە. ئەوانەی کە لەگەڵ خۆی، هەر بە یەک کەس دەژمێردرێن)

شاسوار هەرشەمی

تێبینی

وێنەکە بۆیەی زەیتە پێوانەی ٥٠-٧٠ سم ساڵی ٢٠١٦ ،هونەرمەند کاروان قادر کابان دروستی کردوە

# بەسەرکردنەوەی شەهیدان

سەروەری
مەلاشاخی
* شەهید سەرکەوتەڕەش
ـ خیرالله عبدالله رشید
ناسراوبە(سەرکەوتەرەش)
ـ ساڵی١٩٦٦لەگوندی(تورکمانباخ)ی
ناوچەی(شوان)چاوی هەڵهێنابوو.
ـ لەتەمەنی لاویدا پەیوەندی دەکات
بەرێکخستنەکانی کۆمەڵەوە.
ـ لەساڵی١٩٨٤ دەبێت بەپیشمەرگە
لەمەڵبەندی (٢)ی ئەوسا
ـ لەساڵی١٩٨٦ دەبێت بە
فەرماندەی مەفرەزە
لەتیپی(٢٣)ی سورداش.
ـ لەساڵی ١٩٨٧دەبێت بە
جێگری فەرماندەی کەرت
لە هەمان تیپ
ـ ساڵی ١٩٨٨بوو بەفەرماندەی کەرت.
ـ لەدوای کۆڕەو بوو بە
جێگری فەرماندەی تیپ
لەرۆژی ١٩٩٥/٧/٢٤ لەشاخی سوور
لەبەرگریەکی کەم وێنەدا
خۆیی و(٢)برای بەناوەکانی :
١ ـ سەیفوڵلا عبدالله رشید
٢ ـ کامەران عبدالله رشید
شە هید دەبن...
ـ پێشتریش برایەکیان بەناوی
٣ ـ فەیزەڵلا عبدالله رشید
لە قەسابخانەی موسڵ
لەسێدارە درابوو.
٤ ـ خوشکێکی بەناوی هەیبەت
لەگوندی(جەلەمۆرد)ئەنفال کرا.
رۆحیان شاد.




سەروەری
مەلاشاخی
شەهید وریا شێخ ڕەشید
ـ ساڵی ١٩٦٢ لە گوندی
قەڵای سەنگاو لەدایک بووە.
ـ ساڵی ١٩٧٦ پەیوەندی کردبوو
بە رێکخستنەکانی کۆمەڵەوە.
ـ ساڵی ١٩٨١ پەیوەندی کردبوو
بە هێزی پێشمەرگەوە
لە( تیپی ٥٧ سەرگرمە)٠
ـ تاپلەی فەرماندەی کەرت
بە قارەمانیەتی دەچێتە پێشەوە.
ـ دوای شەهیدبوونی مامەریشە
دەکرێتە فەرماندەی کەرتی ٤ی جەباری.
ـ ساڵی ١٩٨٦ لە شەڕی قەیوان ماوەت
شەهید دەبێت.
ـ چوار برای شەهید و
حەوت کەس لەخانەوادەکەی
بەرشاڵاوی ئەنفال کەوتوون.
روحی شاد.



# کورد ئیتر نابێ بترسێ

## نەبەز جەلال

گەر لەم قۆناغی شەڕی ناوچەیی و کۆتای پلانی سەدەیەدا ، کورد بەسستی بەرامبەر دوژمنانی بجوڵێتەوە و خۆی بدزێتەوە لە ڕوو بە ڕوو بوونەووی ڕاستەقینە؛ ئەوابەدڵنیایی سەرەتای کۆتایی دۆخێکی سیاسی نوێ دەستپێدەکات و، کورد تێیدا دەبێتەوە بە ژێردەستەیەکی بچوکراوە.

لە ئێستادا باشترین دەرفەت بۆ کورد ئەوەیە شەڕی هەمەلایەنی و هەمە چەشنەیی کۆتا قۆناغەکانی بەرگری و کۆتاین بڕیاری سەرکەوتن بۆ مێژوو بخاتە بەرنامەوەو جێبەجێیبکات و هەوڵبدات سەرکەوێت تا بە هێزو سەرکەوتنەوە بچێتەوە بەردەم مێزی گفتوگۆی براوەکان و نوێ بوونەوەی خۆی لە گشت ڕووەکانەوە بۆ ناوچەکە بخاتە ڕوو.

دەبینین هیچ شتێک و تەنانەت ئەگەرێکی سیاسیش لە بەردەم کوردا نەماوە تەنها ڕێگای گرتنە بەری بەرگری و شەڕکردن نەبێ بۆ سەندنەوەو گەڕاندنەوەی گشت مافەکانمان.

دەبێت کورد و هێزە شۆڕشگێڕەکانی سنوری بەرکەوتن لە بەرەی جەنگ، بە بەرپرسیارێتی مێژووییەوە بەرگری بکەن و بێ گومان و دوردۆنگی تێیدا نەسڵەمێنەوەو دەست نەپارێزن و ، دەستی پڕ بڕواو چەکی بەرگری بکەنەوە باسکی بەهێزی سەرکەوتن بۆ هەموان.

بێگومان دەستکەوتی سەرکەوتن، ڕێچکەی سەرکەوتن و بەردەوامی بەدوای خۆیدا دێنێ و، دەستکەوتی ژێرکەوتنمان لە ڕابوردودا بینیوەو چەشتوە با ئیتر ڕێگە نەدەین و، مێژووی شکستیش چەند بارە نەکەینەوەو نەبێتەوە.

ئەمڕۆ قەرەوڵی نیشانی هزر و ماف و مشتی پێکانی چەکی هەق و ئەرکمان ڕوو لە دووژمنە؛ هەموو شتێک لە ترس دەرچووە یان دەگەڕێینەوە دۆخێک کە باشترە لە جاران یان دەچینە قۆناغێکی نوێترەوە لەوەی ئەمڕۆمان و لەگۆمی لیخنی وەستاو ڕزگارمان دەبێت.

بەو هیوایەی کورد کۆتا نیشانی پڕ مشتی بەروبوومی خۆی بچنێتەوە و بگەینە دوا ئامانج و ویستی مافی خۆمان.

سایتی زەمەن





# «ئەی ئەوەی من گوناهبار دەکەیت»

ئەی گەمژە گوناهی من نییە تۆ ناتوانیت یاقووت ڕاوبکەیت،گوناهی من نییە تۆ لە جنسی خشۆکەکانیت و من لە جنسی تۆفان،من لە جنسی خوداکانم و تۆ لە جنسی مێرووله خوساوەکانی ژێر باران،من سەر بەخێڵی ئەستێرەناسەکانم ،تۆ کرم فرۆشێکی بیمار تۆ پاسەوانی کەلاوەیت ،من ئەندازیاری یۆتۆپیام ،تۆ لقی درەختێکی کرمێیت ،من نورو گڕو ڕەشەبام گوناهی من نییە تۆ ناتوانیت گوڵ بگریت ،گوناهی من نییە سەری تۆ لە دڕک زیاتر هیچ ناگرێت،ئەوەی من دەینێرم بۆ ئەبەدیەت بەتۆ ناگەڕێتەوە،ئەوخاک و زەریایانەی من دروستیان دەکەم بەگەزی پەڕپوتی تۆ ناپێورێن ،تۆ ئەی کریاری کۆنی زبڵ خانەی ژیان دانی تۆ لەوە پیرترە ،گوێزی پرحیکمەتی من بشکێنێت لوتی تۆ لەوەزەلیلترە ،بۆنی باغی من بکات.

بەختیار عەلی



# خرتکە و پرتکە (41) سێشەممە ٢٨/٦/٢٠٢٢




دوایین بابەتی خرتکەو پرتکەم لە ٢/٥ بڵاو کردۆتەوە , واتە ٥٦ ڕۆژ لەمەو پێش ...دوای ئەوە جۆرە بێ تاقەتییەک وەک مۆتەکە و دێوەزمە سواری سەرم بوو وەختە بڵێم ناوی خۆشم بیر چووبۆوە و چەندی دەمکرد دەستم قەڵەمی نەدەگرت . لەوانەیە ئەو بابەتەی دەینووسم دەستی لەو بێ وازییەدا هەبووبێ , چونکە ئەوەندە هەستیار و خەمورووژێنە , من بەش بەحاڵی خۆم هەست بەشەرمەزاری دەکەم کە خۆمان بەو نارێکی و ناکۆکییە دەبینم و هەر ئەوەشە هۆی ئەوەی کە ئێمە دۆی دادەمان دەڕژێ و خێری لێ نابینین چونکە هەریەکە دەیەوێ دۆیەکە بۆ خۆی بێت و ئەوانی دیکەی لێ بێ بەش کات و ئیدی دەبێتە ڕاکێش ڕاکێشی مەشکە تا لە ئەنجامدا مەشکە شەق دەبات و دۆ دەڕژێ و شتاقمان لێی ناخۆینەوە .بۆیە دەڵێم :

ئەوەندەی داگیرکەران دوژمنی کورد و حکومەتی هەرێمی کوردستانن , خۆشمان بە ڕەفتارمان هیچمان لەوان کەمتر نییە هەر بۆیەشە کورد دواکەوتووە و تا ئێستا نەیتوانیوە دەوڵەتی خۆی پێک بێنێ , دەنا تا بڵێێ ئازاین وخۆبەختکەر و قوربانیدەرین . ئاشتیخواز و دژە شەڕین , بەڵام بەرانبەر یەکدیکە لێ بوردەییمان نییە و لەسەر شتێکی کەم بایەخ ئامادەین ئێسکی یەکدی بشکێنین .

ڕەنگە لەم سەردەمەماندا زۆربەمان ئەو پرسیارەمان لەخۆمان کردبێ و هەر یەکە وەڵامێکی ئەو لەخۆ پرسینە بداتەوە یا پێشتر دابێتیەوە . لە هەموو حاڵەتێکدا خەم و خەفەتی ئەوە دەخۆین بۆچی میللەتانی دیکەبوون بە دەوڵەت , بەڵام کورد کە چوارەم میللەتە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ڕووی ژمارەی دانیشوانیەوەو وەکو لە پێشەوە گوتم بەو هەموو ئازایەتی و لێهاتووییەوە ژێر دەستەیە و تا ئێستا دەوڵەتی خۆی نییە و دەرۆزەی حوکمی زاتی و ئەو پەڕەکەی فێدراڵی دەکات . ڕیفڕاندۆممان کرد و کەس پشتی نەگرتین و پێان گوتین مەیکەن و کردمان وبۆ ڕدێنێ چووین سمێڵیشمان لەسەر دانا . من بەو نەزانییەی خۆمەوە کە هەڕی لە بڕی ناکەم , هەندێ وڕێنە و قسەی بێ سەروبەر دەکەم , ئینجا نازانم ئامانجەکە دەئەنگێوم یان نا , بەڵام خۆ شارەزا زۆرن و شوکر کورد هۆشیارە وسیاسەتزانەکانمان لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنەکان شیکاری عەڕش و قوڕشمان بۆ دەکەن و لە گێرەو کێشەی دنیا دەگەن, ڕەنگە ئەوان بیرو ڕایەکی ڕوون و جێگرتوو بخەنە ڕوو .

من بۆ ئەوەی لە پێچ و پەنای مێژوودا ڕێم لێ بزر نەبێ زۆر قووڵ بە مێژوودا ڕۆناچم ولە چاڵدیرانەوە دەست پێ دەکەم کە کوردستان لە ئەنجامی ئەو شەڕەی نێوان دەوڵەتی عوسمانیی سوننەو دەوڵەتی صەفەویی شیعە ڕووی دا کە هەمیشە ناکۆک بوون عوسمانییەکان سەرکەوتن و کورد قورسایی خۆی هەبوو لەسەرکەوتنی عوسمانی لەو شەڕەدا چونکە کوردی سوننی مەزهەب زیاتر دۆستی عوسمانی بوون نەک صەفەویی ئێرانی . لەو مێژووەوە کوردستان دابەش کرا بۆ دوو بەش لە نێوان صەفەوی و عوسمانی . وەکو مێژوو باسی دەکا سەرەتا هەندێ میرنشینی کوردی سەر بە عوسمانی وەک پاداشتێک بۆ ئەو پشتیوانییەیان نیمچە خۆ بەڕێوەبردنێکی سنوورداریان پێ درا , بەڵام دوای ئەوە بەرە بەرە لێیان دزینەوە تا بە تەواوی خستیاننەوە ژێر دەسەڵاتی ( بابی عالی ) . کوردستان سەربەخۆیی بەخۆیەوە نەدی و هەر ژێردەستەی ئەم و ئەوبوو یان ئێران , یان تورک . کوردانی بن دەستی عوسمانی و ئێرانی هەمیشە لەگەڵ یەکدی ناکۆک و ناتەبا بوون و زیاتر هەواداری داگیرکەر بوون و ڕۆژێک بیریان لەیەکگرتن نەکردەوە . ئەوەی ئێستا پێی دەڵێن عیراق و بەریتانیا بە سەد پینە و پەڕۆ دەوڵەتێکی لێ دروست کرد , لە ژێر دەستی عوسمانی بوو و کردبوویان بە سێ ویلایەت( موسڵ کە کوردستانەو بەغداو بەسرە ) . میرنشینیی بابان لە ویلایەتی مووسڵ دامەزرا , سەرەتا لە قەڵاچوالان بوو و دوای ئەوە برایم پاشا ئەم سلێمانییەی دروست کرد و پایتەختی گواستەوە بۆ ئێرە . بە درێژایی حوکمی بابان میرەکان ناکۆک بوون , برا دژی برا, باوک و کوڕ دژی یەکدی , یەکێک لەشکری ئێرانی دەهینایە سەر براکەی و ئەوەی دیکەیان سوپای عوسمانی و وەک ڕاوە پشیلەو مشک یەکدیان ڕاو دەنا تا سەرەنجام عوسمانییەکان حوکمی بابانییەکانیان بە تەواوی لەنێو برد وئەندامانی بنەماڵەکەیان تەفروتوونا کردن و بەشێکی زۆریان گواستنەوە بۆ ئەستەنبوڵ و ئێستا ئەوەندەی بابان لە تورکیا هەن , نیو ئەوەندەیان لە باشووری کوردستان نین .

لەگەڵ ئەو بارودۆخە نالەبارەدا هاتین تا گەیاندمانە جەنگی یەکەمی جیهانگیر و پیاوە نەخۆشەکە دوای بڕا و ئینگلیز و فەڕەنسا بوونە گەورەی دنیا و میراتەکەی پیاوە نەخۆشەکەیان لە نێوان خۆیاندا دابەش کرد و شتێکیان دروست کرد و ناویان لێنا عێراق و لەولاشەوە حوکمدارییەکیان بۆ شیخ محمود دروست کرد .هەندێک کەس ڕایان وایە ئینگلیز و شێخ محمود شتاقیان متمانەیان بە یەکدیکە نەبوو و هەندێک شت ڕوویان دا باوەڕی نێوان هەردوو لایان لەق کرد و سەرەنجام کوردستان بەو عیراقەوە لکێنرا کە ئینگلیز دروستی کرد . فەیسەڵی سوننی نیگەرانی ئەوە بوو کە یەو لەسەر کورسییەکی بە شیعە نێزەڕێژکراو دانشتووە و چاوی بڕیبووە کوردستان , بەڵام چەرچل کە وەزیری مستعمرات بوو , پیی ڕاگەیاند , بەریتانیا دەوڵەتی بۆ دروست کردووە نەک ئیمپراتۆرییەت و لە چیای حەمرین بەرەو ژوور کوردستانە و خاکی کوردە و ئەو دژی ئەوە بوو کە ویلایەتی موسڵ بخرێتە سەر عیڕاق , هەرچەندە هەندێک فەرمانبەری بەریتانیا هەوڵیان دا قەناعەتی پێ بکەن بەڵام گوێی لێ نەگرتن , لەوانەش(میستەر کۆکس) و( مس بێل ) کە بەئەمیرە ناوبانگی دەرکردبوو کە هەردووکیان پێداگرییان دەکرد لە لکاندنی کوردستان بە دەوڵەتی عیراقی تازە دامەزراوەوە . بە کەمێک گەڕانەوە بۆ میرنشینیی بەدرخانییان و هەموو میرنشینەکانی دیکە , تۆ چاوت بە یەکگرتوویی ناکەوێ و هەرناکۆکی شەڕ ولێکتر کوشتن بووەو ئەوەندەی هەوڵی لەناوبردنی یەکدیکە دراوە , هەرگیزئەوەندە هەوڵ بۆ لەناو بردنی دوژمن نەدراوە . ئاغا دژی ئاغا ,


بەگ دژی بەگ و شێخ دژی شێخ و ئەم عەشیرەت دژی ئەو عەشیرەت . دیارە ئەو ناکۆکی یەکتر قبوولٔ نەکردنە ، پەرتەوازەیی دووبەرەکی و شکستی بەدوادا دێت . کە حزبیش پێک هێنرا ، بەرە بەرە ڕوویان لە زیادی کرد تالەم ڕۆژگارەماندا وەکو دەڵێن ژمارەیان گەیشتە ١٧ حزب و هیچیان لەگەل ئەوی دیکە کۆک نییە و هەر یەکەیشیان داوای یەکریزی و یەکدەنگی دەکات بەلام ڕاستیش ناکەن ، چونکە ئەوە هەر بە قسەیە و بەکردار پێچەوانەیە . تۆ لە دوای ١٩٧٥سەیرکە کە شۆرش هەڵگیرسایەوە و پێشمەرگە بە شاخەکاندا بڵاو بووە وە ، هەر هەموو بەربوونە گیانی یەکتر. ئەوان چوونە شاخ و شۆرش هەڵگیرسایەوە بۆ داکۆکی کردن لە میللەت ، کەچی بوو بە گەرەلاوژە وپێشمەرگەی کلۆل بەکوشتن دان لەپێناوی سەرۆکایەتی و پاوانکردی دەسەلاتی ئەم و ئەو و ئەوەندەی لایەنە شەرکەرە ناکۆکەکان پێشمەرگەیان کۆشت و پیلانی ڕێ پێ گرتن و لەناوبردنیان بۆ دانان ، دوژمن نەیتوانی بیکا . کە حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش دامەزرا ، هەر لەسەرەتاوە هەوێنی براکوژی تێدابوو تا لە ساڵی ١٩٩٤ تەقیەوە و کەپکی حەمەداغا و کلاوقاسم بوونە گۆرستانی پێشمەرگان و چەندان پێشمەرگەی قارەمان لەپێناوی خواست و ئارەزووی چەند کەسێک شەهید بوون و کەسیش حیساتبیان بۆ ناکا . ئەگەر باسی هەموو کارەساتەکان بکەم ، دەبێ بۆ هەر سەردەمێک تەشتێک قوڕ دابنێم و لەجیاتی خەنە لەسەری خۆمی بگرم. برواتان بێ کە بیر لە ڕووداوە پر شەرمەزارییەکانی ئەو سەردەمانە دەکەمەوە ئارەقەی ئاوروو چوون دەردەدەم و دەستم قەلەم ناگرێ و دەلێم ئاخرچۆن باسی حەیاچوون و شەرمەزاریی خۆمان بنووسمەوە . با هەر تەنیا باسی ئەو ململانێ ناشەریفانەی دوای هەڵبژاردنی ئەم جارە بکەین . خۆتان ئاگاتان لێیە لەسەر پۆستی سەرۆک کۆمار چ کیشەیەک دروست بوو بە جۆرێک سەرمان لە ئەوانی دیکەش شێواند . ڕاستە لایەنە شیعەکان یەکگر نەبوون ، بەلام پێک نەهاتن لەسەر پۆستی سەرۆک کۆمار پێکهێنانی حکوومەتی ئاڵۆزتر کرد و تا نووسینی ئەو بابەتە گوریس کێشەکێی ئەو پۆستە هەر بەردەوامە . ئێمە لەکاتێکدا نیازمان وابوو ببین بە دوو دراسێی دۆست ، ئێستا ڕاکە ڕاکەمانە بۆ بەغدا و وەدەست هێنانی سەرکۆماری و پۆستی دیکە و ماددەی ١٤٠ بیرچۆتەوە ، بەواتایەکی دیکە هەوڵ دەدرێت هەرچی پۆست و پلەو پایەی گرنگ و کاریگەر هەیە بەدەست لایەنێکەوە بێت و ئەوانی دیکەش بەرماوەیان پێ بدرێت . ئەو شێوە بیرکردنەوەیە هەرگیز تەبایی و یەکگرتوویی و یەکدەنگیی لێ ناکەوێتەوە و زیاتر بەرەو خۆسەپاندن و ئاغایەتیی لایەنێک دەچێت و زیان لێ کەوتووش میللەتی قوربانیدەر دەبێت . هەموو دەزانن و زۆر جار باسی دەکەن کە گۆڕانکارییەکی گەورە لە ناوچەکە بەرێوەیە پێویستە ئێمەش بە وریاییەوە خۆمانی بۆ ئامادە بکەین ، کەچی لەم کاتەدا لە هەموو کاتێکی دیکە زیاتر لیک دابراو و ناتەباین و شیرو تیر لەیەک دەسووین و خەڵک زیاتر برسی دەکەین ، لە کاتێکدا نرخی نەوت زۆر لەسەرووی ١٠٠ دۆلارەوەیە و داواش لە خەڵک دەکەن داکۆکی لە بیرە نەوتەکانی کۆمپانیاکانی ئەوان بکەن و خەڵک لە پێناوی ئەواندا خۆیان بەکوشتن بدەن و بەلام ئامادە نین کوڕەکانی خۆیان بنێرن بۆ ئەو داکۆکی کردنە و دەبێ کوڕەکانی ئەوان لە تەڕی بخۆن و لە وشکی بنوون و منداڵی خەڵکی ڕەشورووت و زەحمەتکێش (شەهید) بن .

لەکاتی شەڕدا هەژاران بەرگریی لە وڵات دەکەن
هنەر ئەوانن کە باجی قورس بەگیانی پیرۆزیان دەدەن
خەڵکی ڕەشورووت و نەدار هەردەم پێشمەرگەی سەنگەرن
بەلام دز و گەندەڵەکان ئاسوودە و ماڵ تالانکەرن
هەرچی پۆست و پایە هەیە بە کوڕی خۆیانی دەبەخشن
بەلام وڵاتپارێزەکان لە هەموو خۆشییەک بێ بەشن

ئەو خەڵکە هەموویان دەزانن کە کورد ئەمڕۆ لەبارودۆخێکی زۆر خراپدایە باوەڕ ناکەم لە هەموو مێژوویدا وەک ئێستا لەناخۆشیدا بوو بێت . ئەوەی لە ڕابوردوودا بەسەری هاتووە ، دوژمنی داگیرکەر پێی کردووە ، بەلام ئەمڕۆ لە هەرێمی کوردستان بەدەستی حکوومەتی هەریم ، بە دەستی کورد پێی دەکرێ . زۆر سەیرە ، ئەو خەڵکە هاواریان لی هەستاوە و هەموو چین و توێژەکان هۆشداریی دەدەنە دەسەڵاتدارانی کوردستان و پێیان دەڵێن فریای خۆتان کەون ، میللەت ئاشت کەنەوە ، بارودۆخی ژیانی میللەت چاک کەن ، دوژمنان دەمیان لێ داپچڕیوین و کەڵبەیان لێ گر کردووین ، لەباکوور و ڕۆژئاوا و لێرەشەوە کاتنیۆشای حەشدی شەعبی هی دیکەش کە چی دەسەڵاتدارانی هەرێم مێش میوانیان نییە و بێ باکانە دەڕوانە دۆخەکە . دوژمن با ڕووی خۆشیشت نیشان دا هەر دوژمنە و هەرگیز نابێ بەدۆست و نابێ باوەری پێ بکەیت

مەمەنداغای فانیی شاعیر دەڵێ :
وەکو زەهری هەلاهل وایە شیرێ
کە دەستی مودەعی تێی کا هەوێنێ (مودەعی واتە دوژمن )
ئەوەی ویستی سەری دوژمن بەرز کا
دەبێ تا ماوە خۆی سەر دانەوێنی
خوانەخواستە ئەگەر بقەومێ لە هەموومان دەقەومێ چونکە لە نێو یەک کەشتیداین و ئەگەر نقووم بوو هەموومان دەخنکێین .بەلام زەرەرمەندی گەورە میللەتە هەژارەکەیە و ئیوە بە پارەو سامان خۆتان قایم کردووە وەکو کورد دەڵێ کەری خۆتان بەستۆتەوە . خەڵک کە هۆشداریی دەدەن لە دڵسۆزییانەوەیە و ئاگادارتان دەکەنەوەو بەلام بە داخەوە ئیوە گوێی لێ ناگرن و بە ناحەزی دەزانن .
زۆر دەترسم ئەو قسەیەی ( المتنبی ) شاعیری ناوداری عەرەب راست دەرچێ :
لقد أسمعت لو ناديت حيا ولكن لاحياة لمن تنادى
تۆ ئەگەر زیندوویەک بانگ کەیت دڵنیابە گوێێ لێت دەبێ تۆ چۆن بانگی کەسێک دەکەیت کە هیچ گیانی تێدا نەبێ
لە کۆتاییدا لەخوام داوایە ئەم بارودۆخە نالەبارە تێپەڕێ و بێ زیان لێی دەرچین و خوانەخواستە ڕیسەکەمان لێ نەبێتەوە بە خوری .





# بیرەوەری

## نەورۆزی حەمە زڕگوێزی

چەند یادگارییەکی پێشمەرگایەتی کە ڕەنگدانەوەی ڕابەرایەتیی و سەرکردەیی کاک نەوشیروانن لە شۆڕشدا.

سەرەتا .

قسەکردن لە کەسایەتیی و ناسینی کاراکتەرو پێکهاتەی سایکۆلۆژیی و بەرپرسیارێتی و ڕابەرایەتیی کەسێک بەرامبەر بە قۆناغێکی هەستیاری وەک شۆڕشی نوێ و بیر کردنەوە لە بونیادنانی سەرەتاو بنەمایەکی دروست و دامەزراو بۆ شۆڕش کارێکی هەر وا نییەو پێویست بە ئاگاییەکی ئەکادیمیی و زانستیی و تێگەشتنێکی مەیدانی ڕاست و ڕەوا دەکات ، بۆ بەرجەستەکردن . بەگەڕانەوەو پشتبەستن بە ڕووداوەکان و وورد بوونەوە لە کردارو ڕەفتارو گوفتارەکانی ئەو کەسایەتییە ، لەتوانایدایە بێتە بنەماو هەوێن و ئاوێنەی بەدیار خستنی .

من وەک یەک لەو پێشمەرگانەی کە سالانێکی ژیانی پێشمەرگایەتیم لەگەل کاکە نەوشیروان ( کاکە نەوە ) بەسەر بردووە لەڕێی گێڕانەوەی ئەم یادگارییانەوە کە لە زەین و تۆماری یادەوەرییمدا هەن ، دەمەوێت خزمەتێک بە ناسینی کاکە نەوە بکەم ، وەک سەرکردەو ڕابەرێک کە تەنهاو تەنها ئامانجی ئەو گەیاندنی ئەوکاروانە بوو بەکەناری ئارامی خۆی ، ئەمە جگە لەوەی مایەی ئاسوودەییەکی وویژدانییە بۆ من ، وەک وەفایەک بەرامبەر پێزانین بە خەرمانی ئەو خەبات و ماندووبوون و تێکۆشانەی کە هەرچی جوانییەکانی ژیانی خۆی و خێزان و خانەوادەیەتی لە پێناویدا بە خەرجی برد.

هیوادارم هەرکەسێکیش پێچەوانەی ئەم یادگاریی و یادەوەرییانەی منی لە لایە دروست ترو ڕاست تر لەوەی کەمن لێرەدا دەیخەمە ڕوو ، بەیانی بکات و خزمەتێک بە ئامانجی گشتی ئەم یادەوەرییە بکات کە ناسینیی کاکە نەوەیە وەک سەرکردەو ڕابەرێکی گرنگی بۆ وێنەو بۆ هاوتای نێو خەباتی کوردایەتیی و کوردستانیی بوون بە پاک هێشتنەوەو ڕاگرتنی پەرێزی خەبات و تێکۆشانی کەسایەتییەکی وەک کاکە نەوەی سەرکردەو ڕابەر جگە لەوەی بەرپرسیارێتییەکی مێژوویی و سیاسییە لەهەمان کاتیشدا بەرپرسیارێتییەکی ئەخلاقیی و مرۆیشە ، لەبەرامبەر هەر درۆ و بووختان و بەکەم گرتنێکی ئەو ماندوو بوونەدا کە ئەو زاتە کێشاویەتی ئەمە جگە لەوەی ئاشناکردنێکی ڕەواو دروستی نەوەی نوێیە بەو کەسایەتییە وەک نموونەیەکی بالای هەموو ئەو بەهایانەی کەلەسایەیدا مرۆڤ لەتوانایدایە ببێتە کاکە نەوەکانی دیکەی ئەم نیشتمانە .


سەردەمی ڕووداوەکان لە نێوان سالانی هەشتاکان تاکو نیوەی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوودایە .

ئەو بەرێزانەی گرنگی بە مێژوو دەدەن و بەدوای ڕاستیەکانەوەن چاوەروان بن بە زنجیرە بلاویان دەکەمەوە .

**وێنەکە :**

**کاک نەوشیروان - نەورۆز زڕگوێزی .**

**گوندی خەتێ - دۆلی خۆشناوەتی .**




**یەکەم / ئازایەتی**

**سال / ١٩٨٣**

**شوێن / ڕەزگەومارەدوو - قەلاتوکان - وەرتێ**

لە پشتی قەلادزێ کەوتینە بەر لێشاوی بۆردومانێکی زۆر سەختی تۆپ و هاوەنی ڕژێمی بەعس بۆ سەر ناوچەکە، لە ئاکامی ئەو بۆردومانەش هەشت شەهید و دوازدە بریندارمان هەبوو (شەهید بەدرەدینی تیپی 21 کەرکوک و حەوت پێشمەرگەی تر ). لەسەرەتای بۆردومانەکەدا تا تۆپی سێهەمیش کە بەنێومان کەوت کەسمان گویمان پێنەدا ئەگەر چی زۆر نزیک بوو لێمانەوە، دواجار بڕیاردرا بلاوەی لێبکەین تا زیان کەمتر بێت.

ئێمە وەک دەستەکەی کاکە نەوە ( هاوڕێ جەبار. حەمە علی هەلەبجەیی. شەهابی شێخ کامیل. خەبات چاوشین. نەورۆز زڕگوێزی ) چواردەوری کاکە نەوەمان دا بوو، تا ئەو زیانی بەرنەکەوێت، لەڕاستیدا بیرکردنەوەی ئێمە لەپاراستنی کاکە نەوە لە زیبان، لەبەرامبەر بۆردوومانێکی ئاوا دڕندانەدا، تەنها ئەوەندەی بۆ ئێمە تێدابوو هەرچییەک بەسەر ئەو دێت با بەسەر ئێمەش بێت. داوای کرد لێێ دووركەوینەوە ، بە گوێمان نەکرد، تا دواجار بە تورەیی و بۆلە بۆلەوە لێێ دوور کەوتینەوە.

دواتر پێێ ووتین.. ببورن بۆیە تورەبووم، ووتم گەر تۆپێک لە من بدات بۆ ئێوە بەهۆی منەوە بکوژرێن، تەنها مەبەستەکەم ئەوە بووە، ئەمەش ڕێک پێچەوانەی ئەوەبوو کە ئێمە بیرمان لێدەکردەوە.

کاکە نەوە سەرکردایەتی هێرشێکی دەکرد، کە خۆی دایرشتبوو . ئێمە کەوتبوینە سێگۆشەیەکەوە، لە دوولاوە فیشەکی دوژمن دەیگرتینەوە، ئەو بە پێوە بەرەوپێش دەچوو، ئێمەش لەگەلی تا کۆتایی بە پێوە ماینەوەو ئەوەی پێی بوترێت دانیشتن و خۆدانەواندن و خۆ پاراستن نە لە ئەوو نە لە ئێمەدا بوونی نە بوو. ئەم ڕەفتارە ڕاستە لە ڕووی سەربازییەوە بێماناییەکی تێدایە، بەلام لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا بەتایبەت لە لایەن ڕابەروسەرکردەوە نماییشکردنی بوێریی و ئازایەتیی و بەخشینیی وورەی لە خۆ دەگرت.

لە وەرتێ ماوەیەکی زۆر ڕۆژانە ڕژێمی بەعس بە تۆپ و فرۆکە بۆردوومان دەکراین، عەسرێکی درەنگ بۆردوومانی تۆپ زۆر سەختر بووە لە سەرمان.

پێێ ووتین: برۆن لەناو بەردەکاندا خۆتان بشارنەوە، من و سێ برادەر ( کاک بەختیار مستەفا و خەبات و برادەرێکی تر بووین )چوینە ئەشکەوتێکەوە لە دۆلێکی شاخی کاروخ .

برادەرێک ووتی ( .... ) برۆ بە کاکە نەوە بلی با بێت بۆ ئێرە.

ووتم: نایەت، زۆری ووت، تا کاک بەختیاری برای ووتی، وازی لێبێنە نایەت، دواتر زۆری لێکردم کە بچم پێی بلێم . کە چومە لایی و پێم ووت فلان کەس وادەلێت.

ووتی ( بە تورەیەوە ) پێی بلی با ئەو لەوێ بێت من هەر لێرە دەبم و نارۆم، مایەوە بێ ئەوەی جێگای دانیشتنی خۆی جێ بهێلێت، خەریکی جگەرە کێشان بوو، سوور بوونی کاکە نەوە لەسەر ئەم ڕەفتارەی جارێکی تر نماییشکردنی ئەو بوێریی و ئازایەتییە بوو کە خەموو پەرۆشیی بۆ پاراستنی گیبانی پێشمەرگەی لەپێش گیانی خۆیەوە داناوە .

چاوەروانی بەشی دووەم بن .

**نەورۆز زڕگوێزی.**



# دیموکراسی
# مافی مرۆڤ
# ئازادی
# دادی کۆمەڵایەتی
# یاسا

ئەو وشانەی سەروەهلای هەندێک ، تۆقێنەرن ، بە شێوەیەک ، لەخوا دەپاڕێنەوە، کەرپان بکات ، نەوک یەکێک لەم وشانەیان بەرگوێ بکەوێت!!
ئەم وشانە ، خەو لەچاوی بێچووە دیکتاتۆر ، ئەزرێنی ، تەمەننا دەکات ، شەو نەیەت ، هەر ڕۆژ بێت و چاوی هەوڵی خەو نەدات . شەو ترسێنەرە ، لە خشەی مارو مێروو دەترسن!!!
ئەم وشانە ، دڵیان دەگوشێ ، بێتاقەتیان دەکات. جەستەیان وەکوو شۆڕەبی دەلەرزێنێ.ئارامییان لێهەڵدەگرێ ، وەکوو مشک دەیانخاتە کونەوە ، لەوێدا ئۆقرە دەگرن .
ئەم وشانە، ( 15) لۆچ دەخاتە ناوچەوانیانەوە ، بەکورتی ، تەنانەت ، لە برسییەتیشدا، خواردن لەلایان تامی ئاوی سارد دەدات. بە پێچەوانەی ، هەژارەکانەوە، ئەوەی دەیخۆن، ڕاستە ، پەردە پڵاو نییە!! لێ ، بە هەموو دڵێکەوە پاروو دەگرن لێی!!لەبەر ئەوەی وشە ، نەیتۆقاندوون ، بیری ئازاد مێشکی هەراسان نەکردوون ، ئارامییان هەر لەجێی خۆیەتی ، باری نەکردووە!!
بەپێی ئاماری وەزارەتی پلاندانانی عێراق ، 31% خەڵکی عیراق و هەرێمی کوردستان ، لەژێر هێڵی هەژارییەوەن .
چاوتان ڕوون!!!
ئەمەش دەستکەوتێکیتر ، لە زنجیرەی دەستکەوتەکانمان کە لەدوای ڕاپەرینەوە ، بە دەستی دەهێنین!!! دیارە میللەت بۆ برسییەتی ڕاپەڕی!! میللەتی برسی ، لەژێر ڕەحمەتی ، گەندەڵی و شێرپەنجەو کۆرۆنا نازانێت ڕوو لەکێبکات.
ئێمە هەر ڕۆژ و شەو بەڕێ دەکەین ، بەدەم بۆردومانی دێهاتە سنوورێکانەوە ، بەدەم نامە پڕ لە خۆشەویستییەکانی حەشدی ئەملاوە، بەدەم هەراو هوریای شەوی پڕ لە مەینەتی شارەوە!!! نازانین ئەودیو چییە!!! کاتێک بەخۆمان دەزانین، ئالایەکی سوور ، بە مانگو ئەستێرەکەی خەلیفە لە ژوور سەرمانە!!
ئەویش ، بۆ دڵنەوایی ، لەوانەیە ، ڕەحمی بجوڵێت و چاکەی لە بیر بێت!!! پۆستی ( والی ) یەکە ، بدا پێمان!!!ئێمەش خزمەتکار و خواجاو خولامانیی هەمیشەیی .
وەکوو داپیرە فەرمووی:

( ئێمەش هاتینەوە و هیچیان نەداینێ )!!

**د. پەروین نوری عارف**
**2021/6/29**



## مافەکانی مرۆڤ لە پەیمان و ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکاندا
## دەستکاری

لە ساڵی ١٩٦٦دا، نەتەوە یەکگرتووەکان یادداشتنامەی هەردوو ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتیی مافە شارستانییەکان و مافە سیاسییەکان (ICCPR) و ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتیی مافە ئابووری، کۆمەڵایەتی و کلتوورییەکان (ICESCR)ی پەسەند کرد و کردیە مەلزەمەیەک بۆ هەموو وڵاتانی ئەندام[١٥]. بەڵام تاکوو ساڵی ١٩٧٦ نەخرانە بواری جێبەجێکردنەوە. ئەو کاتە کۆمەڵێک لە وڵاتان دانیان پێدا نا.

لە ساڵی ٢٠٠٨، ئەنجومەنی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان «کۆنووسی ئارەزوومەندانە لە ڕێکەوتننامەی نێودەوڵەتیی مافە ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان»ی دانا کە ماف و ڕێگە دەدات بە وەرگرتنی داواکاریی ئەو کەسانەی مافەکانیان پێشێل کراوە بەپێی ڕێککەوتننامەکە لەلایەن دامەزراوەیەکی حکوومییەوە و کۆنووسەکە لە ڕێکەوتی ٥ی ئازاری ٢٠١٣دا چووە بواری جێبەجێکردنەوە.

چەندین پەیمان و ڕێککەوتننامەی تر لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی هەن کە وەکوو ئامراز بۆ سەپاندنی مافەکانی مرۆڤ ناسێنراون، لەوانەش:

جاڕنامەی جیهانیی بۆ مافەکانی مرۆڤ لە ساڵی ١٩٤٨ لە پاریس.
ڕێککەوتننامەی کۆمەڵکوژی و دانانی سزادان لەسەری (ساڵی ١٩٤٨ دانی پێدا نرا و لە ساڵی ١٩٥١ بەدواوە چووە بواری جێبەجێکردنەوە)[٢]
ڕێککەوتننامەی نەهێشتنی جیاکاریی ڕەگەزی (ڕەگەزپەرستی) - (ساڵی ١٩٦٦ پەسەند کرا و لە ساڵی ١٩٦٩ چووە بواری جێبەجێکردنەوە)[٣]
ڕێککەوتننامەی نەهێشتنی جیاکاریی ڕەگەزی دژی ژنان (سیداو CEDAW) کە ساڵی ١٩٨١ کەوتە بواری جێبەجێکردنەوە[٤].
ڕێککەوتننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ نەمانی سزادانی جەستەیی کە لە ساڵی ١٩٨٤دا پەسەند کرا و لە هەمان ساڵدا ١٩٨٤ چووە بواری جێبەجێکردنەوە[٥].
ڕێککەوتننامەی مافەکانی منداڵ (CRC) یان مافنامەی جیهانیی منداڵان، لە ساڵی ١٩٨٩ پەسەند کرا و چووەتە بواری جێبەجێکردنەوە.
ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتی لەپێناو پاراستنی مافەکانی کرێکارە کۆچکردووەکان و خێزانەکانیان. لە ساڵی ١٩٩٠ دا پەسەند کرا (ICRMW).
بڕیاری سیستەمی بنچینەییی ڕۆما لە دادگای نێودەوڵەتی بۆ تاوان (ICC). ساڵی ٢٠٠٢ چووە بواری جێبەجێکردنەوە

**لە ویکیپیدیا وەرگیراوە**



# وێنەیەک لە مێژوو

ڕێزگرتنی ژنان ( ئافرەتان) لەکوردەواریدا لەلایەن پیاوانەوە.
ڕێزگرتن لە ژن هەمیشە پێگەیەکی تایبەتی و گرنگی هەبووە لە مێژوی دێرینی کورددا. هەروەها لەکلتوری نەتەوایەتیشماندا بەپێجەوانەی نەتەوەکانی دەوروپشتمان بەهیچ شێوەیەک بەچاوێکی نزم نەمان ڕوانیەوەتە خێزانەکانمان هەمیشە بەڕێزەوە هەڵسوکەوتمان لەگەڵدا کردون
ئەم هەڵکەندراوە کەدەبینت تابلۆی پیاوێکی ڕەسەنی کوردی سەردەمی مادەکانە کەمێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ زیاتر لە ٢٥٠٠ ساڵ پێش ئێستە،هێندە ڕێز و حورمەت لەژنەکەی دەگرێت خۆی پیادەیە و ژنەکەی بەسەر ئەسپەکەوە بەدوای خۆیدا ڕادەکێشێت .
بۆ نمونەدوو سەدە پێش ئێستا کاتێک ڕۆژهەڵات ناسە ئەوروپیەکان هاتنە کوردستان سەرسام بون بەو ئازادیەی کە ئافرەتی کورد هەیەتی لەچاو ئافرەتی عەرەب و فارس.
ئەگەر سەرنج بدەین بە درێژایی مێژوو پیاوی کورد ڕێزی لە خاتوونی کورد گرتووە ، بەتایبەتی لە باشوری کوردستاندا چەندەها نمونەی وەك (حەپسە خانی نە قیب ، عادیلە خانم) هەیە کەئەمەش گوزارشتە لەو کەشەی کە پیاوی کورد بۆ ئافرەتی ڕەخساندووە وەکو هاوبەشی ژیانی سەیری کردووە.


بەدەسکارییەوە وەرگیراوە لە:- Archeology in Kurdista
چاوگی زانیاری:ـ ئاکۆ کەریم



# وێنەیەک لەمێژو

ئاهەنگی ماڵئاوای( ئەدمۆنز) لەشاری سلێمانی لە لایەن شێخ مەحمودی نەمرو پیرەمێردی شاعیر و کەسایەتییە ناودارەکانی کوردستان.
تێبینی
زوربەی ناوی کەسایەتییەکانی وێنەکە لەدامێنی وێنەکەدا نوسراوە لەگەڵ ڕێزدا

لە بورهان مستەفا وەرگیراوە



لەڕاستەوە ڕاوەستاو: ٢- غەفوری حاجی مەلا سەعید ٧- شێخ جەلالی حەفید ٨- شێخ لەتیفی حەفید ٩- بابا عەلی.
لەڕاستەوە دانیشتوو: ١- قادر ئاغای حاجی مەلا سەعید ٣- ئەحمەد ئاغای کەرکوکی ٤- مەعروف جیاوک ٥- ئۆکاهر ٦- شێخ مەحموود ٧- ئەدمۆنز ٨- پیرەمێرد ٩- شێخ عەبدوڵڵا. ساڵی ١٩٤٥ یەکەی ماڵئاوایی ئەدمۆنز لەسلێمانی.

YADNAMEیادنامە

بڵاوکراوەیەکی گشتی ئەلکترۆنیە، مانگی جارێ بە کۆمەڵێ یاداشت و بیرەوەری و بابەتی جۆراوجۆری مێژویی و ئەدەبیەوە بە شێوەی ئەلکترۆنی لە ماڵپەڕە کوردییەکان بڵاو ئەکرێتەوە و سەرجەم کارەکانیشی لەلایەن: "سەرکەوت محەمەد فەتاح (سەرکەوتی جیهاز) بەهاوکاری بەختیار شارەزووری لە هۆڵەندا سەرپەرشتی ئەکرێ.

Email :sarkawt_47@hotmail.com

Viber& WhatsApp: +31615852703